ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی
یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

**کرێکارانی جیهان یەکگرن !**

Gellarêzan گەلاڕێزان ١٣٩٠

ژمارەی ٥٨



من آن خاکستر ِ سردم که
در من
شعله ی همه عصیان
هاست
من آن دریای آرام ام
که درمن
فریادِ همه توفان
هاست .
من آن سرداب ِ
تاریک ام
که در من
آتشِ همه
ایمان هاست

## لەم ژمارەیەدا .....

*- بارودۆخی ئاڵۆزی وڵات و وەزعی
بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێراندا !

* - ڕۆڵ و جێگای ژنان لە بزووتنەوەی
شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد .

*- مەرجەکانی گۆرانکاریێک

*- گوڵ لێرە دایە ، لێرە هەڵپەرە

*- بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی
کورد بۆ چ لایەنەك ؟ دژی چ ساسەتێك ؟

*- کینەی شۆڕشگێڕانە ، تیرۆریزم ....

*- لە بارەی سینەمای شۆڕشگێڕانە
و سینەمای بورژوازی

**کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**

# بارودۆخی ئاڵۆزی وڵات و وەزعی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێراندا !



یەکێک لە پێوانەکانی گرێنگی خەباتی چینایەتی و مەسەڵەکانی ئێستای ئێران , پەرەگرتنی بزووتنەوەی کرێکاریە . لە مەودای ئەم ساڵانەی دوایی‌دا سەرمایەداری ئێران لە هەوڵ و تەقەلاّ بۆ گۆرانکاری لە پێکهاتی حکومەت بووە تاکو بە سەرنج ڕاکێشانی دامەزراوەکانی ماڵی جیهانی و بە تایبەت سندووقی نێونەتەوەیی دراو , رەزامەندی گشتی سەرمایەدانەرانی ناوخۆیی و بیانی بە پەرەپێدانی ئاڵوگۆر پێکردنەکانی ماڵی , توجاری و سەرمایەدانان لە ئێران بە دەس بهێنێ .لە کەش و هەوای پڕ لە جموجوڵی کە بەم هۆیە بە سەر کۆمەڵگا حاکیم بووە , وەک سەرهەڵدانی دووبەرەکی و ناکۆکی تازە لە سەرخانی سیاسی چینی دەسەلاّتدارە کە بوونی ئەم دووبەرەکیانە سەرهەڵدانی ناکۆکیەکانی ئاشکرا کردووە و بووەتە هۆی پاشەکشەی ڕێژەیی حکومەتی ئیسلامی . قسە و باسی ئاشکرا لە سەر ئەم ناکۆکی و دووبەرەکیانە کەش و هەوای کۆمەڵگای سیاسی کردووتەوە و بووەتە هۆی بەرز بوونی ئاستی تێگەیشتن و وشیاری کۆمەلانی خەڵک .بەلاّم ئەوەی کە لە سەرخان و لە نێوان دەسەلاتداران و هەڵبژاردەکانی سیاسی چینی دەسەلاتدار لە ئارا دایە , تەنیا بوارێکە لە ئاکامەکانی ئەو پروگرام و سیاسەتانەی کە ئەگەر سەرمایەی جیهانی و ناوخۆیی بتوانن , دیّانەوێ لە ئێراندا جێبەجێی بکەن کە تا ڕادەیێکی زۆریش جێبەجێی کردوون .

بەلاّم ئەوەی کە لە قوولاّیی‌دا پەرەی بە دژایەتیەکانی چینایەتی دەدات , بارودۆخی چینی کرێکار و بە دوای ئەودا زۆرینەی خەڵکی بێ بەشی کۆمەڵگایە کە وەک هەموو شوێنێکی‌تری ئەم دونیایەدا دەبێ ئاکام و بەداهاتەکانی تاڵ و مەینەت باری ئەم سیاسەتە چەوسێنەرانەی سەرمایەداری جیهانی و ناوخۆیی بە سەر شانی خۆیان ڕابکێشن . هێرشی ئاشکرا بۆ سەر مافە سەرەتائیەکانی کرێکاران , لابردنی سۆبسیدەکان , کەم کردنی حەق دەسی ڕاستەقینە , لابردنی پاداشت و مەزایا کە بەرهەمی خەباتی دەیان ساڵەی کرێکارانە , دەرکردنی بە کۆمەڵ و بێبەشی زیاتر بەشێکە لە ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە چەوسێنەرانەیە.

لە بواری ئازادیە سیاسیەکانیش سەرەرای هات و هوریای تەبلیغاتی سەبارەت بە کردنەوەی کەش و هەوای سیاسی کۆمەڵگا بۆ ئاواڵە کردنی دەستی بەشێک لە روشنبیران و هەڵبژاردەکانی سیاسی کۆمەڵگا بە مەبەستی دابین کردنی هەلومەرجەکانی زەینی ئەم سیاسەتانە , چینی دەسەلاّتدار بە سەرنجدان بە ناوەڕۆکی سەرمایەداری لە ئێراندا , لەم بوارە بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێشان شتێک بە دیاری نەهێناوە و ناتوانێ بە دیاری بهێنێ . لە بواری سیاسیش سرووشتیە کە رێک و پێک بوونی کاری و مەرکەزیەتی سیاسی بە تایبەت بە لە بەرچاوگرتنی پێکهاتی دژ بە یەکی کۆمەڵگا و بوونی مەسەڵەکانی سەخت و ئاڵۆزتی ئابووری , کۆمەلاّیەتی , سیاسی و فەرهەنگی , تەنیا یەکێک لە مەرجەکانی بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراوە . ئەگەرچی مەرجی گەرانی سەرمایە و دانی متمانە و دڵنیایی بە سەرمایەدانان لە بەشی سەنعەت و بەرهەم هێنان تەنیا بە فەرمانی سنووردار کردنی قازانجی سەرمایە لە دەلاّلی و ئەو چالاکیانەی کە بەرهەم هێنەر نین و یان سنووردار کردن و وەلانانی نوێنەرانی سیاسی ئەوان لە ئورگانەکانی بڕیاردەر سەر ناگرێت , بەڵکو بەربەست کردنی ئازادی هێزی کار و مل کەچ بوونی لە بەرانبەر سیستەمی سەرمایە و قبووڵ کردنی بەکار هێنانی زور و سەرکوتی کارکردی بازاری ئازاد , یەکێک لە مەرجەکانی گرێنگی ئەم متمانە و دڵنیائیە بە سەرمایەدانان لە بەرهەم هێنان دەژمێردرێت . بەم شێوەیە لەم ڕوانگەیەیش زەخت و گوشار بۆ سەر کرێکاران زۆرتر دەبێ . ئەمەی کە لەم هەلومەرجە و لە چوراچێوەی سیستەمدا جەوێک بۆ قسە و باس لە سەر ناکۆکیەکان و ڕەخنەگرتن پێک دێت بەم شێوەیە هەیە کە تەنیا ئەو گۆڤارانە ئیجازە و موڵەتی بلاّوبوونەوەیان وەر دەگرن کە پێشتر قەدەغی و یان سانسور دەبوون و دەبێ لە هەلومەرجی تازەدا چالاکی خۆیان لە چوارچێوەێک رێک بخەن کە یاساکانی بازاری ئازاد , خاوەن مڵکایەتی تایبەتی چەوساندنەوە و گەرانی سەرمایە بۆیان دیاری دەکات . لەم هەلومەرجەدا , ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاری کە گۆرەپانێکی مەزن بۆ دیفاع لە مافەکانی خۆی لە بەردەم دایە , ئەگەر نەیتوانێ لەم دەورانەدا بۆ رێکخستن و یەکگرتنی خۆی و گەلاّلە کردنی بە بەرنامەی داخوازی و خەباتەکانی خۆی کەڵک وەربگرێ , بێ گۆمان لە بەرانبەر هێرشی سەرمایە شکست دێنێ و دەورانێکی درێژخایەن لە بێ دەنگی و ڕاوەستان , دووبەرەکی و تەسلیم لە بەرانبەر رووداوەکان بە سەرێدا زاڵ دەبێ . بۆیە دامەزراندنی پەێوەندی لە گەڵ بزووتنەوەی کرێکاری , پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی خەبات و شکست و سەرکەوتنەکانی ئەوان و هەڵسەنگاندنی راست و دروستی داخوازیەکان و ئاستی خەباتی کرێکاران , دیاری کردن و تەبلیغی تاکتیکەکانی دروست و واقیعی , تێکۆشان بۆ دامەزراندنی پەێوەندی لە نێوان مەرکەزەکانی کرێکاری , گەلاّلە کردنی بیروبۆچوونی رێبەررانی بەکردەوەی بزووتنەوەی کرێکاری و کرێکارانی پێشرەو و بە کۆرتی‌دا یارمەتی هەموو لایەنە بە مەترەح بوونی بزووتنەوەی کرێکاری و ئاڵترناتیو و داخوازیەکانی ئەوان لە بەرانبەر چینەکانی‌تر و بۆ هەموو خەڵک وەک ئەرکێکی خێرا و پیویستی هەر هێزێکی لایەنگری کرێکاران و زۆرینەی خەڵکی بێ بەشی کۆمەڵگا و هەموو ئازادیخوازان دەژمێردرێت .بۆیە دەبێ بە پێچەوانەی مودیلی ئەم ڕۆژانەدا و سیاسەتی ئەو ڕەوتانەی کە بە ڕواڵەت خۆیان بە لایەنگری چینی کرێکار دەزانن بەلاّم هەموو هەوڵ و تەقەلاّی خۆیان بۆ بەدوادا ڕۆیشتنی رووداوەکانی ڕۆژانە و ئاڵوگۆرەکانی بە ڕواڵەت وەگەر خستوون و دژایەتیەکانی چینایەتی و بزووتنەوەی کرێکاریان لە بیر کردووتەوە , چالاکی خۆمان لە زەمینەی ئەسڵی و ئەساسی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد , رێک بخەین و پەرەی پێ بدەین . کرێکاران نە تەنیا زۆرینەی کۆمەڵگا پێک دێنن و نە تەنیا سازندەی ئەسڵی و ڕاستەقینەی کۆمەڵگای ئێمەن , بەڵکو بزووتنەوەی ئەوانیش گەورەترین گرفت و موشکیلەی کۆماری ئیسلامی و سیستەمی دەسەلاّتداری داسەپاو بە سەر چارەنووسی هەموو خەڵک بە حساب دێت و لە راستی‌دا ئاکامی خەباتی ئەوانە کە هێڵی ڕاستەقینەی ئاڵوگۆرەکانی داهاتوو دیاری دەکات و ڕۆڵی ئەسڵی و سەرەکی لە گۆرانکاریەکانی بنەڕەتی کۆمەلاّیەتی کە پیویستی ڕزگار بوونی کۆمەڵگا لە دەرد و مەینەتی ئێستایە , دەگیرێ .

# ڕۆڵ و جێگای ژنان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد .

مێژووی کۆمەڵگای چینایەتی نیشاندەری نەنگی هەتا هەتایی سووکایەتی کردن بە ژنان لە لایەن چنیە دەسەڵاتدارەکان بووە و هەیە . لە هەموو ئەم کۆمەڵگایانە ژنان لە بواری جێگای کۆمەڵایەتی هەمیشە لە ڕیزی دووهەم دانراون , و بە ناوی مرۆڤێکی بێ دەسەڵات و لاواز کە تەنیا دەتوانێ سەرپەرەشتی منداڵەکانی بە ئەستوو بگرێ چاوی لێ کراوە . مێژووی کۆمەڵگای چینایەتی هەر بەو شێوەیە کە نیشاندەری گۆڕینی شێوەی چەوساندنەوەی مرۆڤەکانە , هەر بەو شێوەیش نیشاندەری ئاڵ و گۆڕی ئەم سووکایەتی و کۆنە پەرەستیەیە . سەبارەت بە ژنان ئەگەر لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ژن بە ناوی دیلی هەمیشەیی پیاو دەژمێردرا , لە کۆمەڵگای سەرمایەداری جیا لە پەروەردە کردنی هێزە کاری هەرزان بۆ بازاری کاری سەرمایە , بۆ خۆی وەک هێزێکی کاری پاشکەوت دەژمێردرێ .

ئەگەر تایبەتمەندی ژنان لە کۆمەڵگای پێش سەرمایەداری , دیل بوونی ژنان تەنیا لە چوارچێوەی کاری ناو ماڵ و کۆڵدانی ژن بە بەرپرسایەتی بەرهەم هێنەری نەسڵی مروڤ بوو , لە گەڵ گەشە کردنی تەکنیک و گەشەی پەیوەندی بەرهەم هێنان لە کۆمەڵگای بورژوازی , ژنان جیا لە کۆیلەتی , کەم تا کورت هەر لەو چوارچێوەیە لە بوارێکیتر سووکایەتیی پێان دەکرا , کار لە خراپترین هەل و مەرجەکان و بە کەمترین ئاستی حەق دەس لە کارگە و کارخانەکان تەنیا بەشی ژنان لە گەشە کردنی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای بورژوازیە .

لە دەورانی دەسەڵاتداریەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەمرۆکە نە تەنیا لە ئازادی پێکهاتە و کۆبوونەوە کار و هیتد . . . قسە و باسێک ناکرێ و هەر چەشنە ئیمکانی ڕێکخستنی ئاشکرا و ئازاد لە ژنان زەوت کراوە , بەڵکو تەنانەت سەرەتاییترین مافەکانی ژنان وەک هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەر , ئازادی مافی جیابوونەوە و هیتد . . . یش لەوان زەوت کراوە .

پێشیل کردنی ئاشکرای مافەکانی ژنان خۆی بە خۆی لە دارشتنی یاساکانی دواکەوتووانەی وەک حیجابی زۆرە ملی , بەردباران کردنی ژنان , سیغە کە شتێک جگە لە لەش فرۆشی یاسایی نیە نیشان دەدات کە لە حکومەتی ئیسلامی ژن تەنیا ئامرازی بەرهەم هێنانی منداڵ و ڕابواردنی جینسی دەژمێردرێ نەک مرۆڤێک کە دەتوانێ و دەبێ شان بە شانی پیاوان لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی بەشداری بکات و لە ماف و جێگا و شوێنی کۆمەڵایەتی یەکسان لە گەڵ ئەوان بەهرەمەند بێت .

لە ئێرانی ئەمرۆدا زەوتی مافە دیموکراتیکەکان لە تەواوتی کۆمەڵگا و لە سەروەوی ئەواندا ژنان , ئیهانە و سووکایەتی بە ئەوان و بێ بەش کردنیان لە سەرەتاییترین مافەکانیان , لە نێوان نەتەوەکانی ستەم لێکراو بە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ئەوان پەرەی زۆرتر دەستێنێ . بێ مافی ژنان لە نێوان نەتەوەکانی ژێر ستەم بە پێ ئاستی نزمی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پاشماوەی سیستەمەکانی ڕزیو و دواکەوتوو زۆرترە . لە کوردستانیشدا ژنانی زەحمەتکێشی گەلی کورد سەرەڕای ستەمی نەتەوایەتی , کاری تاقەت پرۆکێنی ڕۆژانە , هەموو کات لە لایەن داب و نەریتی دواکەوتووانەی پیاوسالاری دەکەونە ژێر گوشار و تەنگەژە . ژیانی ژنانی زەحمەتکێشی کوردستان ڕەنگدانەوەی ڕق و کینی قووڵی ساڵەها دەرد و ڕەنج و بێ بەشیە کە لە زریانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد ڕێگای دروستی خۆی دەدۆزێتەوە و لەو هێڵەدا درێژە پێ دەدرێ , هەزاری دڵتەزین و بێ بەشی لە هەر جۆرە مافە کۆمەڵایەتیەکان , ژیانی سەخت و دژواری ژنانی زەحمەتکێشی کوردستانی لە گەڵ خەبات دژی ئەم ستەمە وەحشیانەیە تێکەڵاو کردووە .

ژنانێک کە لە تەمەنی منداڵیەوە لە کارگەکانی قالی چین , ڕەستن و چنین لە ماڵەکان و مەزراکان و لە گوندەکانی دوور کەوتوو و بێ بەشی کوردستان بە بێ هیچ جۆرە ئامرازی سەرەتایی ژیان , لەو پەری چەوساندنەوەدان و ئاخرین هێز و توانایان لێدەستێندرێ . ژنانێک کە لە بەرەبەیان تاکو شەو باڵایان لە ژێر کاری تاقەت پرۆکێن ورد دەبێتەوە و زنجیری نەریتە دواکەوتوو و ڕزیوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە سەر دەست و پێ ئەوان قورسایی دەکات . وەک هەموو ژنانی زەحمەتکێشی سەرانسەری ئێران لە سەر ناچاری دژواریەکانی زۆر لە سەر شانی خۆیان ڕادەکێشن و لە هەمان کاتدا زاڵبوونی پەیوەندیەکانی دواکەوتووانەی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی بە تایبەت لە گوندەکانی کوردستان هەر وەک شوێنەکانیتری ئێراندا هەمیشە بە بەشداری ڕاستەوخۆی ژنان لە خەبات دژی سیستەمی ڕزیوی سەرمایەداری تێکەڵاو بووە . ژنانی خەباتگێری کورد بە ئازایەتی قارەمانانەی خۆیان ڕۆڵی بەرچاویان لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بووە .

ئەوان لە مەودای خەباتی پڕ لە حەماسەی خۆیان لە دەستەکانی گوڵلەباران کردن , بیرەوەری سەربەرزانەیان لە خۆوە بە جێ هێشتووە کە نیشاندەری خۆڕاگری و شەهامەت و ئیمانی پتەوی ئەوان بە نیسبەت ئازادی و ڕۆڵی ئەوان لە ڕەوتی خەباتی چینایەتیە .ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی حوکمرانی ڕەش و هەوسارپچڕاوی خۆی لە

**لە یاسای ئەساسی کۆماری فیدراتیوی شووراییی ئێران بابەتەکانی خوارەوە تەزمین دەکرێت :**



* یەکسانی تەواوی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان لەئەنجام دانی کاری یەکسان.
* ئیجازەدان لەگەڵ دانی مافی تەواو بۆ ژنانی دووگیان لەماوەی چوار مانگ پێش و 8 مانگ پاش منداڵ بوونیان.
* تێ کۆشان بۆ ڕزگاری ژنان لەگیرو بەندی دواکەوتوویی و لابردنەوەی هەرچەشنە جیاوازی نێوان پیاو ژن و خەبات دژی پیاو سالاری.
* خەبات بۆ یەکسانی مافی ژنان و پیاوان لە ژیانی هاوبەشی، جیابوونەوە، میرات و سەرپەرشتی کردنی منداڵان.
* ئازادی دامەزراوەکانی سەربەخۆی ژنان.
* قەدەغەکردنی چەند هاوسەری و ژیانی هاوبەشی زۆرەملی.
* ئازادی جل و بەرگ لەبەرکردن و لابردنی هەموو جیاوازیکی جینسی.
* تەزمین کردنی مافی بڕیاردانی تاکە کەسی بۆ ژنانی دووگیان بۆ لەناو بردنی منداڵ .
(سقط یا حفظ جنین )

سەرکوتی خوێناوی گەلی کورد و خەباتگێرانی دیکەی ڕێگای ئازادی و یەکسانی , ژنانی زەحمەتکێشی کوردستانی زیاتر لە جاران خستووتە بەر هێرشی وەحشیانەی خۆی و هەر جار لە گەڵ بەربەرەکانی دلێرانەی پیاوان و ژنانی زەحمەتکێشی کوردستان بەرەو روو بووە .

ژنانی کوردستان لە درێژایی 33 ساڵ حوکمرانی رەشی کۆماری ئیسلامی و هێرشی جینایەتکارانەی ئەو بۆ سەر کوردستان لە گەڵ خۆڕاگری بێ هاوتای خۆیان لە بەرانبەر هەموو سیاسەتە دواکەوتووانەکانی رێژیم , و بە خەباتی خۆیان ڕەوا بوونی بزووتنەوەی گەلی کورد و ئامانجی شۆڕشگێرانەی نیشان داون .

ئەمرۆ کە 33 ساڵ لە حکومەتی وەحشیگەری و بەربەریەتی سەدەکانی ناوەڕاستی کۆماری ئیسلامی تێپەر دەبێ و سیاسەتەکانی دواکەوتووانە و دژ بە ژنی ئەو بۆ هەموو کۆمەڵە ژنانی ستەم لێکراو روون بووە . ئەمرۆ کە هێشتا رێکخراوە بورژوازیەکان هەر کامیان بە شێوەیێک دەیانەوێ پێشیلی سەرەتائیترین مافەکانی ژنان بکەن , ئەرکی هەموو کۆمۆنیستەکانە کە ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بە قازانجەکانی چینایەتی خۆیان تێ بگەیێنن و بە رێکخستنی ئەوان جموجۆڵە ئیعترازیەکانی ئەوان رێک بخەن و بە لایەندار کردنی خەباتی ئەوان دژ بە سیستەمی سەرمایەداری , بۆ بەرەو پێش چوونی ئامانجەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە , هێلێکی دیکە لە خەباتی چینایەتی بۆ وەدی هێنانی مافەکانی ژنان بکەنەوە و لەم ڕێگایەدا ژنانی زەحمەتکێش ببەنە گۆڕەپانی پەیکار و بەردەوام بۆ خەبات دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بانگەوازیان بکەن .

سەدان ژنی کۆمۆنیست و خەباتکار کە لە ژێر وەحشیانەترین ئەشکەنجەکانی نامرۆڤانە لە جەرگەی خەباتی چینایەتی لە ناوخۆی کۆمەڵگا و لە رێزەکانی پێشەوەی خەبات بە ئیمانێکی پتەو بە ئامانجە سەرەکیەکانی چینی کرێکار درێژە بە خەبات دەدەن , تاکو کۆمەڵگایێک دامەزرێنن کە لە زوڵم , چەوساندنەوە , هەژاری و کۆیلەتی ئاسەوارێک نەبێ . هەزاران ژنی شورشگێری گیان بەخت کردوو و دەیان هەزار تێکۆشەری لە بەندکراو هەموو نیشاندەری ئیرادەی پۆلائینی ژنانی کۆمەڵگای شۆرشگێری ئێمە بۆ لە ناو بردنی هەموو ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی چینایەتیە .

## بمباران شیمیایی ارتش فاشیست ترکیه
## علیه نیروهای گریلا محکوم است

بنا به اخبار موثق دریافتی از حزب کارگران کردستان (PKK) ارتش فاشیست ترکیه در یک اقدام جنایتکارانه و غیر انسانی به بمباران شیمیایی و فرو ریختن بمبهای آتش زای ناپالم بر محلهای استقرار گریلا مبادرت ورزیده که متاسفانه تاکنون منجر به شهادت بیش از 30 تن از چریکهای کرد و زخمی شدن دهها تن دیگر گشته است . عملیات جنایتکارانه دولت و ارتش ترکیه با صرف مبالغ هنگفت بر علیه خلق کرد کردستان ترکیه و نیروهای گریلا در حالی صورت میپذیرد که آوارگان زلزله ویرانگر شهر وان کردستان ترکیه در سرمای چندین درجه زیر صفر بدون کمترین امکانات مورد بی اعتنایی قرار گرفته اند و تنها مردم شریف و انساندوست دیگر شهرهای ترکیه اعم از کارگران و زحمتکشان ترک و کرد صادقانه در تلاش جمع آوری کمکهای مردمی و ارسال آن برای زلزله زدگان هستند .



دولت فاشیست و اسلام پناه ترکیه قطعا پاسخ چنین بی حرمتی به انسانیت را با قیام عمومی توده ها در سراسر ترکیه دریافت خواهد نمود . کمکهای بیدریغ امپریالیسم جهانی بسرکردگی امپریالیسم آمریکا به دولت فاشیست ترکیه نیز نخواهد توانست این رژیم هار و جنایتکار را از سرنوشت خویش بدور نگهدارد .

ما ضمن محکوم نمودن اقدام جنایتکارانه ارتش فاشیست ترکیه در بمباران شیمیایی نیروهای گریلا ، افکار عمومی بین المللی را به مقابله با چنین کردارهای پلیدی از جانب حاکمان جنایتکار ترکیه فرا خوانده و همچنین با دوستان و رفقای گریلاهای قربانی ابراز همدردی مینماییم .

**زنده باد مبارزات آزادیبخش خلقهای تحت ستم**
**زنده باد سوسیالیسم**
**سرنگون باد رژیم جمهوری اسلامی ایران**
**برقرار باد جمهوری فدراتیو شورایی ایران !**
**سازمان اتحاد فدائیان کمونیست**

# مەرجەکانی گۆڕانکارێک

نیشانەکانی بزووتنەوەیێکی سەرانسەری و هەموو لایەنەی کۆمەڵایەتی ئاشکرا دەبێ . پاش تێپەر بوونی 33 ساڵ لە ڕاپەڕینی ڕێبەندانی 57 و هەوراز و نشێوی زۆر , ئێستا نیشانەکانی گۆڕانکارێکی تازە لە بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک پەیدا بووە . لە مانگرتن و خۆپیشاندنەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا تاکو پەرەساندنی بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆکان و قوتابیانی ئێران و کردەوەی کینەیی و توندوتێژی شۆڕشگێرانە و سەربەخۆ نیشانەکانی ئەم گۆڕانکاریە تازەیە کە لە ڕەوتی بەرەو پێشی خۆی دەبێتە هۆی تێگەیشتنی ئەساسی و بەرانبەری توێژەکانی جۆربەجۆری نارازی کۆمەڵگا لە داخوازیەکانی یەکتر کە لە کۆتایی دا لە خاڵی هاوبەش واتە پێویستی گۆڕینی پەیوەندیەکانی سیاسی , ئابووری - کۆمەڵایەتی - فەرهەنگی داسەپاو بە سەر کۆمەڵگا کە سەرچاوە گرتوو لە سیستەمی کۆن و ڕزیوی داسەپاوە , یەک دەگرنەوە . وڵاتی ئێمە لە دژوارترین دەوارنی ڕەشی حکومەتی کۆماری ئیسلامی , جووڵانەوەکانی زۆر و یەک بە دوای یەکی بە خۆیەوە بینیوە . بەڵام تایبەتمەندی بزووتنەوەی نارەزایی کە ئەمڕۆ نیشانەکانی دەرکەوتووە , سەرەرای بڵاوە بوونی و پەرە نەگرتنی , لە بەردەوامی ئەوە . بزووتنەوەکانی پێشوو سەرەرای گەورە بوونی سەری هەڵدەدا و سەرکوت دەکرا . بەڵام نارەزایەتیەکانی ئەمڕۆ کە لە هەر شوێنێکی وڵاتمان شاهیدی گەشە کردنی ئەوانین , ئەگەر چی لە بواری بەربڵاوی بچووکتر لە بزووتنەوەکانی پێشووە , بەڵام تایبەتمەندی جیاوازی لە گەڵ بزووتنەوەکانی پێشوو هەیە , یەکەم ئەمەی کە سەرەرای پەرە نەگرتن و بڵاوە بوونی , بەردەوامن , دووهەم ئەمەی کە یەک داخوازی وەک ئامانجی خۆی دیاری کردوون , خواستی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی . ئەم داخوازیە یەکەم دروشمی خۆپیشاندەرانە . ئەم دوو تایبەتمەندیە خەبەر لە گۆڕانکارێک لە هەل و مەرجی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمە دەدات . ئەم مەرجانە چیە ؟

ئەمەی کە روونە , سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی ئێستا نەک ڕووداوێکی لە ناکاو , بەڵکو سەرچاوە گرتوو لە هەڵ و مەرجەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتی ئێمەیە . ئەمەی کە ئاشکرایە بارودۆخی وڵاتی ئێمە ,چ لە بواری ئابووری و چ لە بواری سیاسی گۆڕانکاری تازە لە داوێنی خۆی پەروەردە دەکات . هەژاری ئابووری , ڕاوەستانی بەرهەم هێنانەکان , گرانی لە رادە بە دەر , بێکاری و برسیەتی , هەر ڕۆژ هەرشە لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دەکات و پەرەدەستێنێ . هیچ کەسێک ئێستا ناتوانی ئەم هەموو هەژاری و چارە رەشیە تەحەمووڵ بکات . بەڵام روونە کە هەژاری و گرانی و بێکاری و برسیەتی و هەرچەندە کە هۆکاری بزوێنەری کۆمەڵانی خەڵک بێت , بە بێ بوونی مەرجەکانی پێویست بۆ گۆڕانکاری , ناتوانی ڕاپەڕینی گشتی پێک بێنێ . ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی ئابووری یان روون تر بڵێین , نکبەتی ئابووری ئێستا , هەل و مەرجی خراپی سیاسی و قەیرانی بێ چارەسەری ئێستایە کە پێویستی گۆڕانکاری حەتمی کردووە. ئەم راستیە ماوەیێکە کە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامیش ناشارنەوە. بەڵام بەرنامەکانی ریفورمی ئابووری ریفورم خوازان کە هاشمی رەفسنجانی داهێنەری ئەو بوو بۆ گۆڕینی بارودۆخ بە قازانجی ڕێژیم , کە هەموو هیوای بورژوازی ئێران , ئیمپریالیستەکان و نوێ کیسەکانی کۆمەڵگا بەرەو لای خۆی ڕاکیشا بوو , شکستی هێناوە . هۆی ئەم شکستە لە قۆناخی یەکەم دەبێ لە توند بوونی دژایەتیەکانی حکومەتی و پەرەساندنی ناکۆکی لە نێوان باڵەکان و ناوەرۆکی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی بدوزێنەوە . دژایەتیەکانی ناوخۆیی ڕێژیم بە تایبەت پاش مردنی خومەینی ئاشکرا بوو و « یەک بوونی قسە » واتە « هۆکاری پاراستنی سیستەم » چیتر مانای « بەرژەوەندی » خۆی لە دەست دایە . دژایەتی بنەرەتی وەلایەتی فەقیح و ئانارشی لە دەزگای دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ پێویستیەکانی سیستەمی سەرمایەداری , هۆکاری گرینگ لە پەرەساندنی دژایەتیەکانی ناوخۆیی ڕێژیم و شکستی بەرنامەکانی ریفورمە . بورژوازی تا ئەو جێگایە دەتوانی ئانارشی کۆماری ئیسلامی تەحەموول بکات , کە پێویستیەکانی کونترۆڵی قەیران و بەربەرکانی لە گەڵ هێزی دژ بە سیستەم , ئەوەی داوا دەکرد . ماوەیێکی دوور و درێژە چیتر ئانارشی کۆماری ئیسلامی , خۆی بووەتە هۆی نا ئەمنی سیستەمی سەرمایەداری . ئەمڕۆ بورژوازی تا ئەو جێگایە دەتوانی ڕێژیمی وەلایەتی فەقیح تەحەموول بکات کە کۆسپی ڕێگای سەرمایە نەبێت , و گرینگتر لە هەموو شت ئەمنیەت و بەردەوامی ئەو تەزمین بکات . حساباتی سیاسی بورژوازی و ریفورم خوازان کە بە کۆ کردنی دەسەڵات و لابردنی ناوەندەکانی دەسەڵات هەوڵ و تەقەلای زۆریان بۆ چارەسەری قەیرانی ئابووری و ڕاکیشاندنی سەرمایەکانی دەرەوە و تەزمینی ئەمنیەتی سەرمایەکانی ناوخۆیی و دەرەوە دەکرد لە کومپیوتەرەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و سەرکردەی ئەوان واتە ئیمپریالیزمی ئەمریکا دایە و بارودۆخی ئاڵۆز و بێ توانایی ڕێژیم لە وەعد و بەڵێنەکانی بە سەرمایەی جیهانی , جەرەسی نەمانی لێداوە . ئێستا شتێک کە زۆر گرینگە ناهومیدی ریفورم خوازان لە سەرمایەداری جیهانە و دوور کەوتنی ئەوان لە ئامرازەکانی کاریگەری بە سەر هەڵوێستەکانی سەرمایەداری جیهانیە و هەروا بێ توانایی ئەوان نەک لە کونترۆلی باڵی ڕەقیب بەڵکو تەسلیم بوونیان و رویشتن بۆ ژێر چەتری ئەوانە کە داهاتووی کۆماری ئیسلامی نادیار دەکات و ئیمکانی کونترۆڵی بارودۆخی ئاڵۆزی ئێستا نامومکین دەکات . لەم هەل و مەرجەدا بزووتنەوەکانی نارەزایی ئاڵقەکانی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی سست کردووە و بە دانی دروشمی رووخاندنی سیستەم , ڕاستەوخۆ کۆماری ئیسلامی کردووەتە ئامانجی خۆی . بێگومان بزووتنەوەی خەڵکی چارە نووسی کۆماری ئیسلامی , دیاری دەکات . کردەوەکانی سەرکردەکانی ڕێژیم بۆ گۆڕانکاری ناوخۆیی و پشتیوانی بورژوازی ئێران و سەرمایەداری جیهانی لە خێرا کردنی ئەم گۆڕانکاریانە ناتوانی ڕێگایێک بۆ بەربەرکانی لە گەڵ بزووتنەوەی خەڵکی بێت و ئەم بزووتنەوەیە لە ئاکام دا دەگۆڕێتە بزووتنەوەی ڕووخێنەری سیستەم لە تەواوەتی ئەو . بزووتنەوەکانی نارەزایی ئێستا , بە شێوەیێکی حەتمی و بە پەرساندنی بارودۆخی ئێستای داسەپاو بە سەر وڵاتی ئێمە, پوتانسێلی گۆڕین بە بزووتنەوەیێکی گشتیی هەیە. چونکە هیچ هۆکارێکیتر جگە لە گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵانی وە زاڵ هاتوو ناتوانێ ئەوان لە پەرە پێدانی خەبات بۆ لە ناو بردنی هۆی چارە رەشی و هەژاریان ڕاگرێ . بە لە بەر چاوگرتنی ئەم ڕاستیەیە کە بابەتی ئەساسی هەر شۆڕشێک , واتە ریزەکانی چینایەتی دیاریکراو لە دیمەنی پەرەساندنی , و گەشە کردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک بۆ بە هێز کردنی جووڵانەوەی ئەوان , یان ڕاوەستان لە بەرانبەر ئەو , نەک تەنیا زەخت هێنان و سەرکوت , بەڵکو لە ڕێگای پووچەڵ کردنی بزووتنەوەی خەڵکی لە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەو بە هیوادار کردنیان بە شتەکانی خەیاڵی باس دەکرێ و ئەرکی ڕاستەقینە نەک بە پێ ئیدیعای هەر هێزێک ئاشکرا دەکات . ئەمڕۆ ریزی دژی شۆڕش خۆی بۆ بەربەرکانی لە گەڵ شۆڕش لە ژێر ناوی پلاتفورم و بەرنامەکانی جۆربەجۆر ئامادە کردووە .لەم هەل و مەرجە دا , یەکەم ئامانجی ئێمە , ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی , دامەزراندنی کۆمەڵگایێکی دیموکراتیک بە سەر وێرانەکانی سەرکوت و خەفەخانی کۆماری ئیسلامی و بە پاڵپشتی ئیرادەی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵک لە ئورگانەکانی دەسەڵاتی خۆیان واتە شووراکانە .

# گوڵ لێرە دایە ، لێرە هەڵپەرە .

زیاتر لە سی و سێ ساڵ لە ڕاپەرینە مەزنەکەی زۆربەی خەڵک , بە واتای تایبەتی ووشە، خەڵکی کرێکار و زەحمەتێکش و بێ بەشی ئیران , بۆ گۆڕینی کۆمەڵگای کۆن تێ دەپەڕی سی و سێ ساڵ بەر لەمە خەڵکێک کە دژی زوڵم و ستەم و چەوسانەوە و سەرکوتی سیستەمی سەرمایەداری لە سەر ئەساسی پاشایەتی ئیران ڕاپەرین , پێیان وابوو و حەقیانیش بوو کە وا بیر بکەن کە گۆڕانکارێکی مێژووی و مەزن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیان رووی داوە. شکۆدار بوونی و بەربڵاوی ئەم ڕاپەرینە تەنانەت سەرسووڕ هێنەربوو بۆ خەڵکانی وڵاتانی تریش بەلام چەند مانگێکی پاش سەرکەوتنی ڕاپەرین تاکو گۆڕینی مەجلیس دامەزرینەران (موعسسان) بە مەجلیسی خوبرەگان (هەڵبژێر دراوان ) , ئەم ڕاپەرینە هەموو لایەنە و خویناویە لە دەستی ساحیرکانی لە قەبر دەر هاتوو , لە ناو چوو . . .

لە ئاکامی ئەم رووداووە , ئەوەی کە لە ناو چوو ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسیە نەبوو کە لەوی کەمایەتێکی خاوەن سامان و ماڵ لە پشتەوەی شا , ئەرتش , پولیس , ساواک , زانایان , ئەشرافیەکان , سیاسەت زانان , ئایەتوڵلاکان و ئەوانەی لە بارگا خزمەتیان دەکرد و خەڵی هەمیشە لە گورە پان ئامادەی تایبەت بە خۆیان ( واتە دەستەکانی ڕێکخراوی نهێنی پێک هاتوو لە خەڵک بوون ) , خەڵکیان چارە ڕەش کرد و خستیانە سەر زەوی ڕەش و رووت . بەڵکو ئەوەی کە لە ناو چوو و لە کار کەوت ئازادی و هیواکانی ناتەواوێک بوو کە لە مەودای ساڵەکانی دوور و درێژ و لە ئاکامی ڕاپەرینەکان و یارمەتیەکانی یەک بە دوای یەکی کۆمەڵانی چەوساوەی خەڵک کە لە ڕاپەرینی ریبەندانی 57 بە شێوەیکی گشتیتر ڕەنگی داوە , بە دەست هاتبوون . سیستەمی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگا , بە جێگای ئەوەی کە قازانجی چەوساوەکان , زوڵم لێکراوانی ڕاپەریو , واتە زۆربەی

گەراوە تاکو سەر لە نوێ زەمینە بۆ خاوەن سامانەکانی خۆی لە ناو خۆ و دەرەوە خۆش بکات . و بەم شێوەیە هەموو دەسکەوتەکانی ڕاپەرین بە خێرایی بە دەم با چوو.بە لام روونە ئەم ڕودایە بە فێرو نەچووە . خەڵکی ئێران لەم ساڵانەدا ئەزموونی زۆریان وەرگرتووە . ئەو ئەزموونانەی کە ئەگەر لە سەرەتای ڕاپەرین هەیان بوایە چارە نووسی ئیستایان تووش نەبوو . ئێستا پاش ئەم سی و سێ ساڵە دەتوانین بە باشی تێ بگەین کە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵک خەریکی خۆ ئامادە کردنە بۆ هەنگاو هەڵگرتنێکی جیددی بەرەو قۆناخی ڕووخاندن . خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش کە هەموو شتیان لە دەست چوو بینیە , لەم ساڵانەی ئەزموون و هەلە و ئەزموونە تێ گەیشتوون کە لە ڕابردوو دا دەبوایە وشیارتر هەنگاویان هەلبگرتبایە . ئەوان دەبینن کە دەسەڵاتی خوایش کە لە لایەن مشتێک دروزن و مفتەخور گەیشتە سەر تەختی دەسەڵات چوون وەک ڕێژیمی شا, بە هەمان دروشمی پیروزی «ئائین » خاوەن مڵکایەتی تایبەتی و ئاسایش و هێمنی , سی و سێ سال بە سەرکوت , زیندان و کوشتار و دوور خستنەوە و پێشیل کردنی سەرەتائیترین ماف و ئازادیەکانی تاکە کەسی و کومەڵایەتی , بە سەر ژیان و چارە نووسیان حوکم دەکات تاکو زەمینە بۆ بە دەسەڵات گەیشتن و بە هێز بوون و ئاسایشی هەمان دەوڵەمەندان و دەلالەکان و ئەوانەی کە پیداویستیەکان حەشار دەدەنەوە , کە بە لە بەرچاو گرتنی هەل و مەرجی ڕۆژ ئەم جارە بە جێگای کروات ریشیان هێشتووە و بنکەکانی خوشگوزەرانی و سات و سەودایان بە شێوەیکی کاتی لە کافەکان و حەرمسەراکانی پێشکەوتوو بۆ مزگەوتەکان و تەکیەکان گواستوونەتوە ، بە تەواوی خۆش بکات . ئەوان هەروەها ئەزموونیان وەرگرت کە چوون خەڵک بگۆڕێ , دەسەڵاتی سیاسی تەنیا بە دواکەوتووترین پێک هاتی خۆی واتە بە ئائین و بە شمشێری ئاگرین نوێنەرانی چینی مام ناوەندی کە «بارانیان دەویست , بەلام لافاو هات » لە دەزگای بە ڕێوەبەری ولات ئاوا دەرفەتیکیان ڕەخساند تاکو نوێنەرانی خوا لە سەر زەوی , گەواتەکان , وردە بورژواکانی لە کار کەوتوو و موفلیس , چەقۆکیشان و هەموو ئەو کەسانەی کە بە هۆی ئامرازی گوزەرانی ژیانیان توانای بسیجیان هەیە لە لایەن خاوەن دەسەلات و سامانەکان, ڕێک بخەن, ئورگانەکانی جۆراوجۆر پێک بێنن و لە کۆتایی دا و لە کاتی پیویست بە سەر خودی ئەواندا شمشیر هەلکێشن و ئەوان بە باشی بینیان کە چوون مەلاکانی یەخە سپی و عەمامە بە سەرەکانی تازە ریفورمخواز و دیموکراتەکانی جۆراوجۆر, زاناکان و هونەرمەنداکان, کە سایەتیە سیاسیەکان, دەزگاکانی هەواڵنبیری کە ڕێگای پاوانخوازی سەرمایەداریەکان پشتیوانی ماڵی دەکرێن, و وشەکانی وەک دووی جۆزەردان و بیست و نوی جۆزەردانیان کردە دوگم و ڕوو داوێکی سەیر و جادویی, کە گوایە ڕێگای ڕزگاری خەڵک لە ناو دەستەکانی ساحیرێک بە ناو خاتەمی شاردراوەتەوە , بەڵام زۆری پێ نەچوو کە ئەم سیحرانە لە بەرانبەر قسەکانی ژیر لێوی و ساحیرانەی وەلی فەقیح وەک خەونێکلە ناو چوو و مافی دەنگدانەی گشتی , مەجلیسی هەڵبژێردراوی خەڵک , سەربەخۆیی سێ هێزی سەرەکی , لە دەستی خاوەنەکانی زێر و دەسەڵات ئامرازێکی یاری کردن زۆرتر نەبوون .

ئەوان بە باشی بینیان کە سەرمایەداران , بازرگانەکان و خاوەنەکانی سامان و ماڵی ئیران ئەگەر تاکو دوێنی لە پشتی سەری شا حوکمیان دەکرد , ئەمرو کە لە پشتی سەری دەسەڵاتی خوا لە سەر زەوی حوکم دەکەن . ئەوان هەروا بینیان کە چوون دەسەڵاتی سەرمایەداری لە وڵاتانی تر بەتایبەت ئوروپای ڕۆژهەلات و یەکیەتی سۆفیەتی پیشوو بە هینانی بیکاری بو ملیونەها کەس , برسیەتی , بی خانوویی و هەزاران دەردی بێ چاسەری تر بووەتە هۆی چارەرشی خەڵک ئەو وڵاتانە و ئێستا دەبێ کۆمەڵانی خەڵکی



کرێکار و زەحمەتکێش بۆ قەرەبووی هەلەکانیان تێ بکۆشن و قوربانی بدەن.

ئیستا دەبێ بو قەربووی هەڵەکان , دوژمنانی ئەسلی ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی ناسن. دەبێ ئاوا هەل و مەرج و پەیوەندی و ئیمکاناتێکی پیوست خوڵقاند کە سەرکەوتنی راپەرین و شۆرش تەزمین بکرێت تەنیا بەم مەرجە دایە کە شۆرش دەتوانێ لە تایبەتمەندی جیددی و گورانکارنەی خۆی بەهرەمەند بێت . ئیستا هیچ رێگایکی تر نیە جگە لەوەی کە بە هەلگرتنی هەنگاوەکانی جیددی بۆ شەرەکانی چارە نووس سازی داهاتوو خۆ ئامادە بکەین . مارکس لە هەڵسنگاندنی نێوان شۆرشەکانی بورژوایی (کە ئیستا کاتی ئەوان تێپەر بووە ) و شۆرشەکانی پرولیتری , واتە ئەو شۆرشانەی کە لە داهاتوو روو دەدەن و چینی کرێکار و زۆرینەی بێ بەشانی کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی خەریکی دەبن ,دەلێ:شۆرشەکانی بورژوایی لە جۆری شۆرشەکانی سەدەی هەژدەهم بە خێرایی لە سەر کەوتنیک بە سەر کەوتنیکی تر دەگات , دیمەنە شکۆدارەکانی لە ئەوانەی تری زۆرترە کەسان و شتەکان, دەلی لە ژێر تیشکی ئەلماسن , شێوەیی راکێشانی رەنگدانەوەی روحی هەر رۆژە . بەڵام ئەم حالەتە بە خێرایی تێ دەپەرێ. زوو دەگاتە لوتکەی خۆی کۆمەڵگا پێش لەوەی کە بتوانی بە وشیاری تێ بگات لە دەسکەتەکانی دەورانی بۆران و هێرشی خۆی , تووشی خەونێکی درێژ خایەن دەبێت بەڵام شۆرشەکانی پرولیتری واتە شۆرشەکانی سەدەی نوزدەهم بە پێچەوانە بەردەوام خەریکی رەخنەگرتن لە خویانن . بەردەوام جوولانی خۆیان رادەویستینن گۆمان دەکرێ بە ئەوەی کە جێ بە جێ کرایە دەگرینەوە تاکو بۆ جارێکی تر دەستی پی بکەن , تایبەتمەندی نێوە تەواو و لایەنەکانی لاوازی و بێ هێزی هەولەکانی سەرەتایی خۆی بە شێوەیکی بێ بە زەیانە دەباتە ژێر رەخنە . دەڵێ دوژمنی خۆی بۆ ئەوەی لە زەوی دەدات تاکو لە زەوی هێزی تازە وەر بگرێ و بۆ جارێکی تر بەلام بە هێزتر لە بەرانبەریان راوەستێ , لە بەرانبەر دێوی خەیاڵی ئامانجەکانی خۆی ئەوەندە پاشەکشە دەکات تاکو لە کۆتایی دا بارودۆخێک پێک دێت کە هەر جۆرە رێگایکی پاشەکشە لێان دادەخات و ژیان خۆی بە هاواری بەرز و سەرکەتووانەی رادەگەێنێ :

**گوڵ لێرە دایە, لێرە هەڵپەرە .**

# بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد ،

# بۆ چ لایەنەک ؟ دژی چ سیاسەتێک ؟

رادیکالیزمی بزووتنەوەی ئێستای کوردستان , لە ئامانجەکانی شۆرشگێرانەی کۆمەڵانی خەڵکێک ئاشکرا دەکات کە لە مەودای 33 رابردوو دا ساتێک لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات بۆ وەدی هێنانی ئارمانەکانی رەوای خۆی را نەوەستاون . ئەمرۆکە چیتر خواستەکانی گشتی کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە چواچێوەی " دەر کردنی هێزەکانی داگیر کەر " یان بۆ نموونە " تەمرینی دیموکراسی " بەر بەست ناکرێ ,خەباتی تاکو ئێستای خەڵکی کورد , زۆر لەم دروشمانە تێپەریوە . بزووتنەوەی خەڵکی کورد لە تەجروبەی بە کردەوەی خۆیدا ئاوا دروشمانەی تەجرووبە کردوە . ئەنرژی و پونانسیلی ئێستای خەباتی خەڵکی تەنیا " بەرهەمی بە کردەوەی بەرانبەرە " لە بەرانبەر " هێزەکانی داگیر کەر " نیە . جەهەتی ئەویش سەرەرای تێگەیشتنی بەرواڵەت لەم خەباتە , تەنیا دەر کردنی هێزەکانی داگیر کەر نیە , بەڵکو هێزی کردەوی ئەم خەباتانە پێش لە هەموو شتێکی تر ریشەی هەیە لە زەمینەکانی عەینی سەر چاوە گرتوو لە بوونی هێزەکانی " سەر کوتگەر " و بۆ لای گۆرانکاری ریشەیی لەم زەمینەیە لە رێگای تێک شکاندنی رێگری رێگای ئاوا گۆرانکاریانەیە ز کۆمەڵانی میلیونی خەڵکی کورد لە کردەوە و لە جەریانی خەباتی خۆیاندا ئەمەیان بە ئاشکرا سەڵماندووە . کرێکاران و زەحمەتکێشان بە تەجرووبە تێگەیشتوون کە نە تەنیا ستەمی نەتەوایەتی , بەڵکو تەعسیراتی گەورەی ئەو لە سەر ژیانی ئابوورب – کۆمەڵایەتی ئەوان , کاتێک بن بر دەبێ کە سیستەمی ستەمکارانە و ئامرازی پاراستنی ستەمی نەتەوایەتی تێک شکا بێت و هێز و ئیرادەی خۆدی ئەوان جێ نشینی ئەو بێت . هەر ئەم راستیەیە کە نە تەنیا مەفهومی مافی چارەی خۆ نووسین و چونیەتی گەیشتن بە ئەو روون دەکاتەوە , بەڵکو بەر لە هەمووشت هێزی ئیرادە و شەهامەتی شۆرشگێرانەی بەکردەوە لە خەباتی ئەمرۆی خەڵکی کورد روون دەکاتەوە و لە سەرەوەی هەموویان رادیکالیزمی ئەم بزووتنەوەیە نیشان دەدات .گۆمانی تێدا نیە کە دیل بوونی نەتەوەکانی ژێر ستەم , لە سەر زەمینە پەیوەندیەکانی ئابووری – کۆمەڵایەتی دیاریکراو ئەنجام دەگرێ . ئەم پەیوەندیانە لە لایەنەکانی تایبەت بە خۆی قازانجەکانی چینێکی دیاریکراو وەک چینی حاکیم بە سەر وڵاتێکی فرە نەتەوە بە هەموو دام و دەزگای بوروکراتیک – نیزامی ئەو دەپارێزێ.پەیوەندیەکانی لە سەر ئەساسی ستەمکاری نەتەوایەتی بەرهەمی حەتمی دواکەوتوویی لە ولاتانی ژیر سوڵتەی ئیمپریالیزم , و لە ئاکامی گەشە کردنی غەیری سرووشتی سەرمایەداری لەم وڵاتتانە و نەبوونی ئیمکانی سەر گرتنی گۆرانکاریەکانی بورژوا – دیموکراتیک لە ئەواندایە . لە دەورانی ئیمپریالیزمدا سوڵتەی سەرمایەداری پاوانخوازی بە سەر ئابووری جیهانی , بەتایبەت ناردنی سەرمایە بۆ وڵاتانی دواکەوتوو چ بە شێوەی سەرمایە گوزاری تایبەت لە بەرهەم هێنان کە نە لە سەر ئەساسی پیویستیەکانی ئابووری – کۆمەلایەتی ئەم ولاتانە , بەڵکو بەشێوەیکی گشتی لە سەر ئەساسی پیویستیەکانی سەرمایەی مالی لە تاڵانی سروەت و سامانی سرووشتی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە , ئەنجام دەگرێ , گرێنگترین هۆکاری پاراستن و مانەوەی دواکەوتوویی و پەرەساندنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لەم وڵاتانەیە کە بە لە بەر چاو گرتنی تایبەتمەندی ئەنگەڵی خۆیان , توێژێکی دیاریکراو لە بورژوازیش پەروەردە دەکات , کە بە دەس بە سەر داگرتنی بەشێکی گەورە لە سەر چاوەکانی سروەت و سامانی وڵات و تالآنی ئەو , لە سەر ئەساسی ئاوا پەیوەندیانەی بێنە مەیدان و بە بەرهرەمەند بوون لە ئیمتیازاتی ئابووری هەموو هێز و توانای خۆیان بۆ پاراستنی مەوقەعیەتی پاوانخوازی خۆیان بەکار بهێنن و بوروکراسی دوور و درێژێک بۆ پەرەپێدانی هەرچی دواکەوتووانە تری پەیوەندیەکانی سەرمایەداری و ئەنجامی سەرکوتی کۆمەڵانی خەڵک بە وجود دێنێ. و سەرەرای پاراستنی پێکهاتەکانی ئابووری – کۆمەڵایەتی رۆیو لە تەواوەتی خۆیدا , لە وڵاتانی

**ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست، ڕێکخراویکی کۆمۆنیستی و بەشێکە لە چینی کرێکار کە لەناو بزاڤی ئەوچینە پێك هاتووە و ئامانجی ئەو پەرە پێدان و پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی چینی کرێکارە بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری و بنیات نانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی، کە لەو کۆمەڵگایە یەکێتی و یەکبوونی مرۆڤەکان دابین بکرێت و مەرجی بوژانەوەی مرۆڤەکان، بوژانەوەی مرۆڤ بێت .**

فرەنەتەوەدا , دیل کردنی نەتەوەکانی غەیری خۆدی بە توندترین شێوەی مومکین بەرێوە دەبات . ئەم تەمایولە زۆر دواکەوتووانەی بورژوازی نەتەوەی ستەمکار بە تەواوەتی رێگە لە گەڵ رزیوی سیستەمی سەرمایە داری جیهانی و تایبەتمەندی هار و رێگری ئیمپریالیزم لە بەر بەرەکانی لە گەڵ جەریانی گۆرانکاریەکانی شۆڕشگێڕانە . تایبەتمەندی دواکەوتووانەی سەرمایە کاتێک کە لە وڵاتانی فرەنەتەوە لە گەڵ دواکەوتووی یەکجار زۆری بورژوازی ئەم وڵاتانە گرێ دەدرێ , خۆی لە گەرایشی زۆر بەرەو لابی دواکەوتوویی سیاسی , لە رێگای پاڵپشتی تەواو بە دەزگای سەرکوتی نیزامی بوروکراتیک و پارێزگاری لە هەڵسوکەوت لە گەڵ پەیوەندیەکانی پێش سەرمایەداری و پاراستن و مانەوەی ئەوان , نیشان دەدات . بورژوازی نەتەوەی ستەمکار لە رووبەروو بوون لە گەڵ بزووتنەوەکانی میللی و بۆ پاراستنی مەوقعیەتی نابەانبەر بۆ سەرکوت تەنیا چەک بەکار ناهێنی , بەڵکو ئەم چەکە , فەرقی چینایەتی دیاریکراوی خۆی لە نێوان نەتەوەی ژێر ستەم دۆزێتەوە و بە کاری دێنێ . ئەم بورژوازیە لە پەیوەندیەکانی ئابووری- کومەڵایەتی دیاریکراو دیفاع دەکات کە قازانجەکانی هۆکاری ستەمکاری میللی دابین بکات ز بەڵام یەکگرتنی قازانجەکان , لە نیوان بورژوازی ستەمکار لە گەڵ پەیوەندیەکانی دواکەوتووانە هۆکاری هەمیشەیی بۆ پاراستن و مانەوەی , یدیل بوونی نەتەوەیی نیە , بەتایبەت لە هەلومەرجی پەرەساندنی خەباتی خەڵکی , ئەم ستەمکاریە نەتەوایەتیە گونجاو لە گەڵ هەلومەرجەکانی گەشە کردنی ئەم خەباتە , سستی و لاوازی ئەم پەیوەندیە دەگورێتە پەیوندی پتەوتر بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم گەشە کردنە و بورژوازی ستەمکار بۆ بەڵاری بردنی خەباتی کۆمەلانی خەڵک , بۆ بەوجوی هێنانی زەمینە و بۆ چەک کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکانی ژێر ستەم , بەوەرگرتنی و بەکار هێنانی شێوازەکانی جۆراجۆر و هەڵبژاردنی هاوپەیمانانی باشتر و دڵنیاتر هاندە دات , کە باوترینی ئەو قاڵپشتی بە تەمایولاتی ناسیونالیستی لە ناو ئەم بزووتنەوانەیە . بەڵام لە کوردستان جیا لە شێوە و شێوازی ئێستای بەرێوە بردنی ئەم ستەمە و بە دواهاتەمانی حەتمی تاکو ئێستا ئەو , ئەوەی لە کوردستانی ئەمرۆدا بەرێوە دەچی , خەباتێک کە لە بەستەری بەرێوە بردنی ئەم ستەمکاریە جاری یە , سیمایێکی بە تەواوی شۆڕشگێڕانەی بەخووە گرتووە و بە ئاسانی بەم جۆرە نوقتەکانی پاڵپشتی کردنێک مەیدانی عەمەل نادات ز ستەمی نەتەوەیی رێگا شە کردنی خەباتی چینایەتیە , بەڵام رەت کەرەوە ئاوا خەباتێک و خەباتێکی تووندی چینایەتی لە نێوان نەتەوەکانی ژێر ستەم نیە . هیچ بزووتنەوەێکی خەڵکی ئەویش لە ئاستی بزووتنەوەی ئێستای کوردستان ناتۆانی سیمای چینایەتی نەبێ . ئەو راستیە ئەم یان ئەو لێکدانەوەی سەر ژمێری لە پێکهات و بافتی کۆمەڵایەتی تەوریح نادات . ئاسیتی گەشە کردن و پەرەساندنی خەبات و ئاستی تێگەیشتنی چینەکانی کۆمەڵایەتی نەتەوەی ژێر ستەم , نیشاندەری تایبەتمەندی تی ئاوا خەباتێکە , و جەهەت و لایەنی ئەسلی ئەو دیاری دەکات . پەرەساندنی خەباتی چینایەتی و چۆنیەتی گشتی خۆدی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە کە لایەن گرتنی ئەو ئاشکرا دەکات و بە لە بەر چاوگرتنی رێکخستنی گونجاودا بەیانی چینایەتی ئامانجەکانی رادیکالی خۆی دەدۆزیتەوە . رێکخستنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی نەتەوەێکی ژێر ستەم لە شێوە و شێوازەکانی جۆراوجۆری ئەودا لایەن گرتنەی دەتوانێ خێراتر بکات , بەڵام تەنیا پاڵپشتی بە شێوازەکانی دیاریکراو لە خەبات و سەرن نەیدان و یان بە بەرنامەیی لە بەرخورد لە گەل شێوازەکانی تری ئەو , بەتایبەت رێکخستنی خەڵکی بەربڵاو لە ئاوا بزووتنەوانەی , ئەوان لە سەر داوەی ئەساسی بەهێزبوونیان لە درێژخایەن بێ بەش دەکات و لایەن گرتنی رادیکالی ئەوان سست و لاواز دەکاتەوە . ئاوا روانگانەی حەتمی لە جەریانی حەرەکەتی خۆیان لە هەاومەرجی نەبوونی پاڵپشتی رێکخراو بە کۆمەلانی خەڵک لە سەرەوە دەگەنە سات و سەودا و سازش و لە ئامانجەکانی رادکالی بزووتنەوە دوور دەکەون .چوارچێوەی خەباتەکانی نەتەوەیی , لە گەل ئەژماردنی هۆکارەکانی بزوێنەری ئەودا ,خەباتی دیموکراتیک بۆ بە دەس هێنانی مافی یەکسان لە مافەکانی نەتەوەیی و ئازادی دیاریکردنی چارە نووسی خۆ و لە زەمینەی سیاسی و بە دوای ئەودا لە هەموو بوارەکانی ترە . بەڵام ڕادە و پێوانەی هەڵسنگاندنی ئەم دیموکراتیزمە لە بزووتنەوەکانی نەتەوەیی , هەروا کە ئاماژەی پێکرا , ئاستی تێگەیشتنی ئەم بزووتنەوانە تێگەیشتن و تەجرووبەی رێکخستنی خەڵکانی بەروە پێش بەری ئەو کە لە لایەن گرتنی ئەساسی ئەم بزووتنەوانە لە راستای وەدی هاتنی ئەسلی ترین دروشمی دیموکراتیزم واتە تێک شکاندنی هۆکاری ستەمکاری و جێ نشینی ئەو لە لایەن ئیرادەی بەهێزی کۆمەڵانی چەکدار رەنگ دەداتەوە . بەواتایێکی تر دیمکراتیزم لە بزووتنەوەکانی نەتەوەیی سیمای روون و ئاشکرای خۆی لە ئەنجامی گورانکاریەکانی شۆڕشگێڕانە و پابەند بوونی بەکردەوە بە ئاوا گورانکاریانە و رێکخستنی ئەو نیشان دەدات . ئەمە شتێکی سرووشتیە کە سەرە رای ڕادەی بەشدار بوونی چالاکانەی توێژەکانی نەتەوەیی , لە لایەن گرتنی رادیکالی ئەوان هۆکاری گرێنگ و دیاریکەر ئەژمێر درێ و رەخساندنی ئاوا نفوزێک تەعسیراتی ریشەیی لە تەرح و ئیجرای داخوازیەکانی شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیکی هەیە و خواستی گۆرانکاریەکانی ئەساسی لە ژیانی نەتەوەکانی ژێر ستەم دەگۆرێتە ئیرادە و یستی گشتی و لە جەریانی کردەوەدا پێویستی بەوجود هێنانی ئامرازەکانی ئاوا گۆرانکاریانەی ریشەیی زەروری دەکات و وەک ئەرکێکی فەوری لە بەردەم بزووتنەوە دادەنێ . ئاوا

بزووتنەوانەی بەرنامە و ئامانجەکانی هێزەکانی سیاسی بە پێوانەی تەجرووبەی بەکردەوەی کۆمەلانی خەلک و لە جەریانی خەباتی ئەوان و لە رەخنە گرتنی بەکردەوەدا تەجرووبە دەکات . بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کۆمەلانی خەلکێک کە بە پیویستی لە ناو بردنی هۆکارەکانی عەینی و زەینی هەژاری و رۆژ رەشی خۆی تێگەیشتووە , بزووتنەوەیکە کە نە تەنیا دژی ستەمی نەتەوەیی , بەلکو پێش لە هەموشت بە دژی بوونی سیستەمی بە وجود هێنەری نەتەوەیی و لەم رێگایە لە ناو بردنی ریشەکانی دواکەوتوویی و رۆژ رەشی سەرچاوە گرتوو لە ئەو کە رەنگیانەوەی عەینی وجودی ئاوا ستەمێکە . هەر بۆیە هەرواکە وتمان خالی لاوازی بزووتنەوەکانی نەتەوەیی لە تێکەلاو بوونیان بە دوژمنایەتی تەنیا نەتەوەیی بە هۆی بلاو بوونی تێراوانێنی بەروالەت و هەلسوکەوتی گشتی و باو بە نیسبەت نابەرابەری نەتەوەئیە کە لە رێک ترین شێوەی ئەودا بەیانی خۆی لە روانگەکانی ناسیونالیستی دەدۆزیتەوە . پەرەگرتنی ئاوا بیر و بۆچوونانەی لە نێوان کۆمەلانی خەلک بە پێچەوانەی رایکالیزمی ئەمرۆی بزووتنەوەی خەلکی کورد و خەباتی بێ وەچانی ئەوە ,ئەوەی کە ئەمرۆکە دەبێ لە بەرخورد لە گەل گرفتەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد , لە لێکدانەوەی عەینی و لە پێشکەش کردنی ئاسوێک بۆ ئەو لە بەر چاو بگیردرێ , تێگەیشتنی هەر ئەم لایەنە لە گەشە کردنی و بەرزبوونەوەی بزووتنەوەی ئێستا و هەولدان بۆ پەرەپێدانی رادیکالیزمی ئەوە . تەنیا ئاوا بەرخوردێکە کە دەتوانێ رێگا خوشکەری ئەرکەکانی ئێمە لە بەرانبەر بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد بێت .

بزووتنەوەی ئەمرۆی گەلی کورد , لە مەودای ساڵەکانی رابردوودا , هەوراز و نشیوی زۆری تێپەر کردووە , بەتایبەت پاش راپەرینی رێبەندانی 57 تاکو ئێستا , لە ئەزموونی سەخت و دشوار لە گەل یەکێک لە درندەترین رژیمەکانی مێژوودا خەباتی کردووە , پێگەیشتنێکی سیاسی تایبەت لە قیاس لەگەل بزووتنەوەکانی نەتەوەیی وەک خۆی بە دەس هێناوە , ئەم شتە سەرە رای تەجرووبەی راستە و خۆی خۆدی گەلی کوری , تەعسیراتی راستە و خۆ لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرانسەری ئێرانیش بە دەس هێناوە , دەولەمەند بوونی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد لەم زەمینە تایبەتە , دینامیزمی ناوخۆیی ئەوی خیراتر کردووە و ئەم هەمووە تێکرای کارامەی پرشنگداری خەباتەکانی ئەم گەلە خەباتگێرە , رێگای بەرز بوونەوەی هەر چی زیاتری ئەوی خۆش کردووتەوە . ئەوەی کە لە جەریانی ئەم پرۆسەیە زیاتر لە هەموو شتێکی تر تەعسیری هەبووە لایەنی حەتمی ئەو پەروەردانە بووە کە خۆدی جەریانی خەبات لە رەوتی بالندەی خۆیدا بە دەستی هێناوە ز ئەم پەروەردانە , رەنگدانەوەی سیستەماتیک لە بەرەو پێش بردنی خەباتی ئێستای نەبووە و نەبووەتە هۆی پتەو بوونی رێکخراوی ئەودا , بەلام ئەم شتە بەو مانایە نیە کە هیچ جۆرە رەنگدانەوەی عەینی لە رەوتی بەکردەوەی خەباتی ئێستا نەبوو بێت , بەلکو بە پێچەوانە لە گەشە کردن و پەرەساندنی کرێکاران و زەحمەتکێشانی گەلی کورد , تەنانەت هێندیک جار لە رەوتی خۆ بە خۆیی ئەودا , دیمەنێکی روون و ئاشکرای لە خووە بە جێ هیشتووە ئەم شتە رۆل و جێگەی ئەم خەباتانەی لە ئاستی ئێستای خەبات بە دژی رژیم زۆرتر لە پێش دا ئاشکرا کردووە و لە ئیرادە و ویستی کۆمەلانی گەلی کورد رەنگی داوەتەوە .

بەلام بزووتنەوەی خەلکی , بە بێ رێکخستنی گونجاو لە هەلو مەرجەکانی تایبەت بە خۆی , بەبێ دامەزراندنی ئورگانەکانی راهێنەری خۆیدا , هەرچەندە بەربلاو و گەورە بێت , تەنیا وەک هێزیکی بەکار نەهاتوو , لە خەباتێک ا مومکین و موجود الە جێ خۆی دەمینێتەوە , و سەرەرای رادیکالیزمی خۆی , لە گرین بە ئامرازێکی بە هێز بێ بەش دەکرێ . ئەنرژی ئەو , لە ئەم یان ئەو حەرەکەتدا بلاوە دەبێ , بەبێ ئەوەی کە ئیمکانی کۆ کردنی هێزەکان فەراهەم بێت , بە فێرو دەروات . بەبێ ئەوەی کە هەر هەنگاوێکی بەکردەوە لە بزووتنەوەی خەلکی , بگورێتە پلەیەک بۆ بەرزبوونەوەی رێکخراوی ئەو , بە پێ وەزعیەت و هەلو مەرجی حاکیم بە سەر ئەوندا , بە شێوەیکی خۆ بە خۆیی و تاک , بەرەو پێش دەچێ , بە بێ ئەوەی کە تەنانەت ئیمکانی پەیوەندی بەکردەوە لە نێوان چەند مەوردی دیاریکراو لەم چەشنە خەباتانە بە وجود بێت , یان تەجرووبە بگوازێتەوە یان دروشمی هاوبەش یان حەرەکەتی بەکردەوەی رێکخراو تەنانەت لە ئاستی ناوچەیەکی دیاریکراو بە وجوی بێت .ئامانجی ئێمە اە هەلسنگاندی تایبەت بە لە بەر چاوە گرتنی تەجرووبەی چەند ساڵی رابردوو و گۆارنکاری لە باری چەنیەتی و چۆنیەتی ئەم خەباتە لەم ماوەیە دا قامک دانان لە سەر ئەو راستیانەیە کە دەبێ لە بزووتنەوەی ئێستا وەک ئەرکێکی فەوری لە بەر چاو بگیردرێ . راستی ئەمەیە کە لە مەودای زیاتر لە سی ساڵی رابردوو دا , مەسەلەی بەرخورد لە گەل بزووتنەوەی خەلکی بەکردەوە گرینگی پێ نەدراوە , ئەم شتە نەدەتوانێ بەهەلکەوت بێت و بە هەلکوتیش نیە . ئەم شتە پێش لە هەموو شت ریشەی هەیە لە بنیانەکانی بەرنامەکان و سیاسەتەکانی مەوجود لە ناو بزووتنەوەی شۆرشگێرانە گەلی کورد . زۆر هەلەیە هەر کات وا بیر بکەینەوە کە مەسەلە تەنیا هەلەیکی زیاتر نەبووە , بەلکو بە پێچەوانە خۆدی بەرخورد وەک یەکێک لە بوارەکانی ئەسلس خەباتی ئێستا لە کوردستاندا و وەک زەمینە و بەستەری ئەسلی گەشە کردن و پەرەساندنی خەبات , بەیان گەری راستی ئەو ئامانجەکانی چینایەتی تایبەتە کە ئاوا بەرخوردێک زەروری دەکات .




**تازەترین ڕاگەیاندراوەکان لە سایتی ڕێکخراو وەرگرن :**

**www.fedayi.org**

**سایتی کار انلاین**

**www.kare-online.org**

**پۆستی ئلکترۆنیك , کومیتەی کوردستان**

**Kurdistan@fedayi.org**

**پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو :**

**webmaster@fedayi.org**




گۆڤاری پەرەسیلکە پاشکۆی ریگای گەل تایبەت بە

# کینەی شۆرشگێرانە ، تیرۆریزم و یاخی بوونی مەدەنی

## بابەتێك لە بلاوكراوەی كار

**کینەی دژی شۆرش چیە ؟**

ئەوەی کە زەمینەی کینە لە کۆمەڵگا پێک دێنێ، بونی دژایەتیەکانی ئانتاگونیستی چینایەتیە کە هەروا وترا لە قالبی دەوڵەت خۆی نیشان دەدا . هەرچی ئەم دژایەتیانە لە کۆمەڵگا قووڵ تر بێ ، کینەی چینایەتی زۆرتر پەرەدەستێنێ . هەروا کە ئەنگلس دەڵێ دەوڵەت لە هەر کۆمەڵگایێک دەزگای دەسەڵاتی چینێکی دیاریکراوە، واتە دەوڵەت بە گشتی ،دەوڵەتی چینیە کە لە چینەکانی تر بە هێزترە و خاوەن دەسەڵاتی ئابووری یە و بە پشتیوانی دەوڵەت خاوەن دەسەڵاتی سیاسیش دەبێ.

هەرچی قەیرانی ئابووری لە کۆمەڵگایێک توندتر بێت، دەسەڵاتی ئابووری چینی دەسەڵاتدار لاوازترە، بەرژەوەندی چینایەتی توندتر لە بەرامبەر یەکتر رادەوستن و دەوڵەت وەک سومبولی سەروەری چینێک بە سەر چینەکانی تر دەسەڵاتی کەمتری هەیە کە ئەم لاوازی سیاسیە بە کەڵک وەرگرتن لە کینە، کردەوەی پولیسی ، نیزامی ،سیخۆری و مافیایی قەربوو دەکات. ئەمە ئاناتۆمی گشتی پێکهاتەی دەوڵەتە کە لە هە موو کۆمەڵگایێک ئاوایە .
لە وڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری کە لەوێدا کۆمەڵگا لە گەشەیکی رێک وپێک بەهرەمەند نیە ، دەسەڵاتی ئابوری چینی دەسەڵاتدار لە باری نێودەوڵەتی زۆر کەمە و سەرەرای دژایەتیەکانی ناوخۆیی لە گەڵ چینی کرێکار و چینەکانی زەحمەتکێش ، لە گەڵ سەرمایەکانی ئیمپریالیستی ،پاوانخوازەکان، هێزەکانی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی و هەروا کێ بەر کێ بۆ بەشداربوون لە بازاری جیهانی تووشی دژایەتیەکانێک دەبێ کە زۆر جار هۆکارەکانی ژینگەیی و سروشتیش بەو زیاد دەکرێ .چینی دەسەڵاتدار سروشتیە ئەم نارێکی ئابووریە بە قایم کردن و توندکردنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی هاوئاهەنگ دەکات کە لە سەر ئەم ئەساسەدا مەجبوور بە توندکردنی ئامرازی کینەیە بۆ سەرکوتی نارەزایی سەرچاوە گرتوو لە ناێکیەکانی پێکهاتوو و دەسەڵاتی ئابووری چینی دەسەڵاتدار . لە ساڵەکانی 50بینیمان کە رێژیمی شا بە چ شێوەێک هەر چەشنە نارەزایەتی کرێکاری بە کینەی دژی شۆرش وەلام دەدا . ئەو کرێکارانەی کە بۆ زیاد کردنی هەق دەسەکانی خۆیان مانێان دەگرت، لە لایەن هێزەکانی سەرکوتگەر سەرکوت دەکران و بڵاوەیان پێ دەکردن. لە دەورانی کۆماری ئیسلامیش ئەم وەزعە بەردەوام بوو و کاتێک کە چینی دەسەڵاتدار بە دوای راپەرینی رێبەندان نەتوانی وەلام داخوازیەکانی کرێکاران ،نەتەوەکان،جووتیاران،ژنان و رۆشنبیران بداتەوە بە هەڵگیرسانی شەری ناوچەیی ، کینەی دژی شۆرشی لە سنوورەکانی وڵات بردە دەرەوە. هێزەکانی سەرکوت ،پولیس،رێکخراوەکانی سیخۆری ،ئەرتەش ،سوپا و هەتا شێوەکانی نارەسمی و نیوەرەسمی بریتی لە بەسیج ،ئەنساری . ئەزموون لەم زەمینانە نیشان دەدا کە کەڵک وەرگرتنی دەوڵەت لە کینەی دی شۆرش واتە حێزبوللا ، جل و بەرگ مەدەنی پۆشەکان و کەڵک وەرگرتن لە تاقمەکانی مافیایی ناوخۆ و دەرەوەی وەزارتی ئیتلاعات وەک شەعبان بێ مۆخەکان و سەعیدی ئیمامیەکان نەک کینەی خەڵکی سەرکوت ناکات بەڵکو دەبێتە هۆکارێک بۆ رەوابوونی ئیستفادە لە کینە وەک تەنیا رێگای بەربەرەکانی لە گەڵ کینەی دژی شۆرش . ئەمە راستیەکە کە هەتا ئەو رێکخراوانەی کە بچووکترین پەیوەندی لە گەڵ خەباتی شۆرشگێرانەیان نیە مەجبوور بە ئیعتراف بەو دەکات . راە کارگر کاتێک بە ئیشارە بە خەفەخانی پولیسی و بە هێز بوونی دیکتاتۆری لە تیئوری پێشاهەنگ نووسی(لە هەل و مەرجێک کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد ، بە کردەوە رێگایێکی تر نەما بوو ، تەنیا رێگایێک مابوو و چەپ تێ پەرێ کرد و لە کۆتایی دا زانیمان کە ئەویش سەراب بوو).
ئەمەی کە رێگای خەباتی کینەیی لە گەڵ رێژیمی دیکتاتۆری شا گەێشتە سەراب یان خەبات بە شێوەی راە کارگر دەگاتە گەناو، هەڵبەت باسێکە کە لە چوارچێوەی ئەم بەشە لە وتار جێگای نیە و پەێوەندی هەیە بە بەشی دووهەمی وتار کە دەچێتە سەر تیئوری یاغی بوونی مەدەنی .ئاماژە بە هەڵسەنگاندنی راە کارگر لێرەدا لەم بارە پێویست بوو تاکو نیشان بدەین هەتا ئەو هێزانەی کە دژ بە شێوەکانی کینەی شۆرشگێرانە پێک هاتوون، مەجبوور بەم هەڵسەنگاندنەن کە هێزی چەپ لە دەورانی دیکتاتۆری و خەفەخانی پولیسی رێگایێکی جگە لە تەبلیغی چەکدارانە لە پێش دا نەبوو.هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی ئەمرۆ لە گەڵ دەیەکانی 60 و 70 زایینی لە سەدەی رابردوو لە بوارەکانی زۆر گۆراوە .ئەمرۆ دەسەڵاتی ئابووری لە دەستی چینی دەسەڵاتداری وڵاتێک نیە ، بەڵکو ئەمە پاوانخوازەکانی ئیمپریالیستی ، کۆمپانیاکانی نێونەتەوەیی و سەرمایەی ماڵی یەک دەست لە بانکی جیهانی و سندووقی نێودەوڵەتی دراو و رێکخراوی بازرگانی جیهانیە کە بەرژەوەندی خۆی بە سەر چینەکانی دەسەڵاتدار لە وڵاتانی جۆراوجۆر دا دادەسپێنن . ئەگەر لە رابردوودا کرێکاران و سەرمایەداران لە شارێک دادەنیشتن و سنووری نێوان شوێنەکانی کرێکارنشین و دەوڵەمەند نشینی شار بە هۆی رووبارێک کە لە ناو شاردا تێ پەر دەبوو، دیاری دەکرد ، ئەمرۆ نێوان کۆمەڵەی فرۆشیارانی هێزی کار و خاوەن ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و سەرمایە ئەقیانوسێک هەیە و ئاسان کاریەکانێک کە زانستی پەیوەندی گرتنەکان بۆ کەناڵیزە کردنی سەرمایەکان و رێکخستنی بازاری بەشەکان و بورسی ماڵی پێک هێناوە ، بە سەرمایەدار ئەم ئیمکانە دەدا کە بە راگرتنی دگمەی کۆمپیوتەر ئیمکانی دەست پێراگەێشتنی شارێک بە ئاوی خواردنەوە لە ناو ببات ، بێ ئەوەی کە هەتا لە ئاکامەکانی کاری خۆی ئاگادار بێت.ئەگەر لە رابردوو گەشەی نارێکی ئابووری کۆمەڵگی گەورە لە مرۆڤەکان لە لادیەکان بەرەو شارەکان بەرێ دەخست بەم هیوایە کە لەوانەیە لە شار خاوەن ئیمکانات و ئاسوودەیی ژیانی شاری بن ، ئەمرۆکە گەشەی نارێکی ئابووری جیهانی ملیونەها مرۆڤی لە هەژاری تەواو لە وڵاتانی دواکەوتوویی سەرمایەداری راگرتووە و بە دەوروبەری وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری دیوارەکانی بەرز دروست کردووە کە بە پێچەوانەی ئیمکانی کۆچ کردنی سەربەستانەی مرۆڤەکانە لە شوینێک بۆ شوینێکی دیکەی جیهان بە تەواوی و بە شێوەی یاسایی . لەم هەل و مەرجەدا ، کینەی دژی شۆرش لە چوارچێوەی دەسەڵاتی هێزی دەسەڵاتدار دەرچووە و لە چێر ناوی سیستەمی نوێی جیهانی دراوەتە دەستی هێزە گەورەکانی ئیمپریالیستی کە لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری

# کینەی شۆڕشگێرانە ، تیرۆریزم ...

خۆیان لە هەر شوێنێکی جیهان کە دەیانەوێ چالاکی دەکەن.چینی دەسەڵاتدار تەنیا لە کاتی هاوئاهەنگی سیاسەتەکانی لە گەڵ بەرژەوەندی ئیمپریاڵیستیە کە دەتوانێ بێ مەترسی لە کینەی دژی شۆڕش سوود وەر بگرێ . نموونەی ئیسرائیل باشترین بەڵگەیە بۆ راستی ئەم قسەیە کە سەرەرای زۆرتر لە 50 ساڵ کردەوەی کینەیی دژی شۆڕش و پێشیل کردنی هەموو بریارەکانی بەیاننامەی جیهانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە وەک مافی مرۆڤ بە رەسمی ناسراوە ، هەروا لە راگەیانراوە گشتیەکانی ئیمپریاڵیستی و بەکرێگیراتوانی ئەوان وەک تەنیا دێمۆکراسی رۆژهەڵاتی ناوەراست ناوی لێ دەبەن . لە لایکی دیکەوە لە نیکاراگوئە گرتووە تاکو عێراق و یوگوسلاوی بینیمان کە کینەی دژی شۆڕشی ئیمپریاڵیستی بە چ شێوەیێک بە بێمەترسێک لە بیرورای گشتی جیهانی ،ژیانی هەزاران مرۆڤی لە ناو برد و کێوێک لە کینە و تورەیی لە ناو دڵی داخ دارەکان دروست کرد .ئەوەی کە سیستەمی نوێی جیهانی و دیمۆکراسی ناوی لێ دەبەن لە راستی دا هەر ئەو سیستەمی کۆنی رۆمی کۆنە و دیمۆکراسی رۆمیە کە لەوێدا کەمایەتیک لە مافەکانی هاوولاتی بەهرەمەندن و زۆرینەیێکی گەورە یان لە دەزگای کاری خۆرایی سیستەمی کوێلەداری خەریکی بەرهەم هێنانی نیعمەت و ئاسوودەئین بۆ کەمایەتێکی سەرەوە و یان وەک گەلادیاتۆر و خزمەتکار و کوێلە بینە ئامرازی دابین کردنی شەهوەتی جینسی و مەعنەوی ئەم کەمایەتیە و گیان و ئابرویان قوربانی ویستی هاوولاتیانی رۆم بێت. لە شێوەی نوێ ئەم سیستەمە کۆنە ژیانی ملیاردەها مرۆڤ ئامرازێکە بۆ دابین کردنی ئاسوودەیی زۆرتری ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و هاوولاتیانی ئەم کۆمەڵگانە بێ ئەوەی کە راستەوخۆ لە کردەوەی کینەی دژی شۆڕشی ئیمپریاڵیستی بەشداریان هەبێ و یان پشتیوانی لێ بکەن ، لە ئاکامەکانی ئەو سوود وەر دەگرن.

**تیروریزم چیە؟**

زۆر کەس هەوڵیان داوە کە لە دابەش کردنی نابەرابەری سامان لە گۆڕەپانی جیهانی ،ئاکامێکی دواکەوتووانە وەرگرن و بە جێگای رێکخستنی خەباتی شۆڕشگێرانە بۆ دامەزراندنی سیستەمی یەکسانی لە گۆڕەپانی جیهانی، یان تێکەڵی ناسیونالیزم و قەوم گەرایی و یان نەریت گەرا و کەلتور پەرەست بوونەتەوە و بە پاڵ دان بە خورافەکانی مەزهەبی خەباتێکی متافیزیستی بۆ رەزامەندی مەعنەوی کۆمەڵانی بێ بەش لە سامانی کۆمەڵایەتی رێک دەخەن . لە ئاکامی ئەم هەولانە نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵک و کینەی شۆڕشگێرانەی ئەوان بە جێگای ئەوەی کە بە سەر پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی تری کۆمەڵایەتی خولقێنەری دابەش کردنی نابەرابەری سامان لە گۆڕەپانی جیهانی دابرێژینن ، بە سەر ئامراز و بە دواهاتەکانی دادەرێژن .بە هەمان شێوەیێک کە لە کاتی مارکس و پێک هاتنی سەرمایەداری کلاسیک کرێکاران کینەی خۆیان لە هەژاری ئابووری بە سەر ماشینەکان دارژاندن و بەم کارە دەیانویست لە هەژاری ئابووری رزگار بن. ئەمرۆژیش ئەم گۆمانە هەیە کە بە جێگای خەبات دژی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایە داری و خەبات دژی پەیوەندیەکانی ئیمپریالیستی و سەرمایەداری ، بەم شێوەیە خەبات دژی سەرمایەداری تا ئاستی خەباتێکی بە رواڵەت دادەبەزی . هەروا کە مارکس لە گەڵ پیلانی ئانارشیستی هێرش بۆ سەر ماشینەکان بەرخۆردێ کرد ، ئێمەیش دەبێ خۆمان دوور بکەین لەم شێوەی کوێری خەباتە کە ئامانجی ئەو بە تەواوی دواکەوتوانەیە . خەباتی بە رواڵەت و هێرشەکانی نەمایشی لە مێژووی هاوچەرخ نموونەی زۆری هەیە ، وەک هێرش بۆ سەر کۆیت لە لایەن دەوڵەتی عێراق و بۆ سەر بالوێزخانەی ئەمریکا لە تاران تاکو هێرشی ئیسلام گراکان بۆ سەر بنیاتەکانی ئەمریکایی و ئوروپایی و لە 11 سپیتامبەر هێرش بۆ سەر سومبولەکانی دەسەلاتی نیزامی و ئابووری لەم ولاتەدا. لە دیدی ئێمەوە تیرۆریزم کردەوەکانی سیاسی ، پولیسی و نیزامیە دژی ئامانجەکانی مەدەنی بۆ نەمان و لابردنی فیزیکی ئەوان .لەم روانگەیە شیمیایی باران یان بومبارانی لادێ و شارەکان لە لایەن دەوڵەتانی جۆراوجۆر وەک دەوڵەتی ئیسرائیل و ئێران ، سەرکوتی خۆپیشاندەران لە جینوا ل لایەن پولیسی ئیتالیا هەموویان نموونەی کینەی دژی شۆڕشن کە باسێ لێ کرا،بوارەکانی تری دەربرینی کینەیە بە بێ روونکردنەوەی ئامانج و ئەنگیزە کە تەنیا کاریگەریێکی درێژ خایەن لە خۆی بە جێ دێلێ و ئەویش خولقاندنی گەش و هەوای ترس و تۆقاندن و تولە سەندنەوەیە. پێ بە پێ شکستەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و پاشەکشە و دووری کردن لە رێنمایی کینەی شۆڕشگێرانە ،هێزێکی تر دێهەوێ ئەم بۆشائیە پر بکاتەوە.هێزێک کە لە کینە (تەبلیغی چەکدارانە )کەڵک وەرناگرێ تاکو ئەنگیزەی خەبات پێک بێنێ،بەڵکو کینە دەردەبرێ تاکو ترس بخوڵقێنێ.هێزێک کە کۆمەلانی خەڵک بە بەشداری لە کینەی شۆڕشگێرانە و خەباتی چەکدارانەی خەڵکی بانگەواز ناکات بەڵکو شەر دەکات تاکو بە هۆی سوپای خۆی دوژمن لە ناو ببات و دەسەلات بە دەست بێنێ بە سەر ئەو ماشینە دەوڵەتیە کە ئامرازی سەروەری سیاسی هاوچینەکانی پێش لە خۆی بووە. ئەم شێوە کەڵک وەرگرتنە لە کینە شتێک نیە جگە لە تیروریزم ،ئامانجێکی نیە جگە لەمەی کە ئامرازی دەربرینی کینە بە دەست بێنێ و ئەنگیزەیێکی نیە جگە لە سەقامگیری سەروەری سیاسی خۆی.ئەگەر دەکوژێ بۆ ئەمەی نیە کە دێهەوێ نارەزایی خۆی دەربری ، بەڵکو بۆ ئەمەیە کە دێهەوێ ترس بخوڵقێنێ، دێهەوێ لە ناو ببات تاکو شتێک جگە لە خۆی نەبێ. دیدی تیروریزم لە کینە ئامرازێکە بۆ لە ناو بردن و بە داستانەکانی نارەزایەتی پەنا دەبات تاکو مەبەستەکانی تیروریستی خۆی داپۆشێ. لە ئەفغانستان پەیکەری بودا لە ناو دەبات تاکو لە مێژوودا مەزهەبێک جگە لە مەزهەبی خۆی نەمێنێ.بەلام پەنا دەباتە داستانی ئیبراهیمی بت شکێن تاکو مەبەستەکانی خۆی راست نیشان بدات. هەر ئەم بۆچوونە موسلمانانی فەلەستینی لە مزگەوت دەکوژێ تاکو لە ئورشەلیم فەلەستینی نەمێنێ.دروست بوونی مەزهەبیداگیرکری خۆی پەیوەند بداتە وەعدی زەوی بەڵێندراو بە قەومی بەنی ئیسرائیل. لە کوشکی سپی وە بریاری لە ناو بردن و بومباران دەدات و پەنا دەباتە دروشمی شەری سەلیبی تاکو ئەنگیزەکانی تیروریستی خۆی لە باری مێژوویی دروست نیشان بدات. تیروریزم لە هەر جل و بەرگێک بێت ئامانجی لە ناو بردنە نەک بەشدارکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە خەباتدا.

**ئەوانەی کە بیر و بۆ چوونی وشکیان هەیە و دوگمن هەموو لاپەرەکانی نووسراوە کلاسیکەکانی مارکسیستی هەڵدەدەنەوە تاکو لە نێوانی ئەواندا هندێك ئایەت و نیشانە دژی شێوازەکانی نوێی خەبات بدۆزنەوە , ئەمانە تیئوری شۆڕشگێرانە دەکەنە شتێکی دژی شۆڕشگێرانە .**

**هاورێ مەزن : بیژەن جەزەنی**

# لەبارەی سینەمای شۆرشگێرانەو سینەمای بورژوازی



دووربینی فیلمبەرداری یان چەکی تەسویری کە24 قاب یان تەسویر لەچرکە* دا دهاویژێ ، چەکێکە لە ناودستی فیلمساز یان دەرهێنەری فیلمێک کەوەک چەکێکی فەرهەنگی بەهێز ، هونەرێک بەناو (هونەری هەفتم ) پێشکەشی ئێمەدەکات . ئامرازێک کە بەوتەی هاوری لینین ، لەناو هەموو هونەرەکاندا ، بۆ ئێمەگرینگی یەکجار زۆری هەیە. سینەما وەک بوارەکانی تری فەرهەنگی ، ئەدەبیات ، نەقاشی ، شانۆ و ... ئامرازێکەسەرخانی لەگەل یاساکانی تایبەت بەخۆی و لەرێگای ناوەرۆک و شێوەی خۆیدا لەپێتەو کردنی کۆڵەکەکانی ژێرخان تەعسیر دادەنێ و تەعسیریشی لێ وەر دەگرێ . سینەما لەتاریفی سادەدا بریتیە لە گواستنەوە یان پێشکەش کردنی پلان و فیکریەت لەگەل تەسویردا . ( ئێستا ئەم پلانەدەتوانێ چیرۆک و دراماتیک و یان ( اکیوسنت بێت ) و یان بەواتایکی تر لە تاریفێکی زانستی دا کە زانا و سینەماکەری بەنرخ و مەزنی یەکێتی سوڤیەت ، سرگیئی ئایزنشتاین دەڵێ : ( هونەری سینەما واتە مۆنتاژ ، بەمانای کاری پەیوەند ) و خۆدی وشەی مۆنتاژ کەوشەیکی فەرانسەویە بە مانای کۆبوونی تەسویرەکانی تاکە( کە پیویستی هەیە بە جۆری برین و شێوەی پێشکەش کردنی ئەو )کە بە شێوەێکی زنجیرەیی پلان و فیکریەتێک بەیان دەکات .هەروا کەلەئەدبیات ، پەیوەندی وشەکان جوملەێک پێک دێنێ و مەفهومێک دەگەێنێ ، سینەما لەشکل و فورمی زیندووتر و کاریگەرتر مەفهومێک و یا فیکریەتێک بەوجود دێنێ . واتەپلانێک یان یەک شات ( shot ) هەمیشە بە تەنیایی تەسویرێک نامفهوم ، ناتەواو و بەبێ دوزینەوەیەو ئەگەر بەبێ مەوردەکانی دگمەندا مەفهوم و یان هەستێک بەوجوی بێنێ جەریانێکی ئینتزاعیە کە لەوێدا نەتەنیا ( راستی رەنگدانەوە) هەستی پێ ناکرێ ( لەبەر ئەوەی کەفیلم تەنیا رەنگدانەوەێکە) بەڵکو ( رەنگدانەوەی راستی )یش لەوێدا نابیندرێ .بەواتایکی تر قسەکردن لەبارەی تز و ئانتی تزە. واتە لە بەرخوردی دوو دیمەن یان نەما فیکریەتێکی نوێ بەناوی سەنتز دەردێت . هەر ئەم دیاردە تازە سەر هەلداوەکە سەرچاوەی مادی هەیە لە سەر سیستەمی هەست دا تەعسیر دادەنێ و هەستێک بەوجود دێنێ و ئەم هەستە دەگواورێتەوە بۆ تەماشاچی . ئاکامەکەی ئەمەیە کە ئێمە هاندەدات تا وەک تەماشاچیەک سەرنجمان بۆ لای پلانی پێشکەش کراو رابکیشرێ و لەگفتگو سینەمایی بەشدار بین .

بەم پێشەکیە دەگەێنە ئەم ئاکامە فیکریە کە سینەمایش وەک ئەدەبیات ، شێوەی جوانی ناسینی دیمەنەکان ، نەماکان و جێگاکان وەک وشەکان ، جوملەکان و فەعلەکان بابەتێک دەخوڵقێنێ . بۆچوونەکان و فیکریەتێک کە بەیان دەکرێ پەیوەندی راستەو خۆی ( تێگەیشتووانە یان تێنەگەیشتووانە) هەیە بە وەرگرتنی فیکری و ئایدولۆژێکی دەرهینەرەکەی لەو شوێن و کۆمەڵگایە کە لەوێدا دەژیت لێرە قسە لە سەر چۆنیەت و چەنیەتی ئەو کارەو پەیوەندی عەقلانی و سازندەی ئەو دووەیە. لەراستی دا دەرهێنەری فیلم وەک گوزینەرێک ، راپورتنیر و دارێژینەری فیکریەتێک دەبێ کە تێکەلاوی بۆچوونی راستەوخۆ و چینایەتی تایبەت بە خۆدی ئەوە، لە بەر ئەوەی کە لە کۆمەڵگای چینایەتی هەموو شتێک رەنگی چینایەتی بەخۆوە دەگرێ و سینەمایش وەک سەرخانێکی فەرهەنگی لەم یاسایە جیاواز نیە. هەر ئەم دیاردە چینایەتیە کە بە شکلی (هونەری هەفتم ) خۆی نیشان دەدات وەک کردەوەێکی بەرانبەر دەیەوێ تەمایولاتی چینایەتی خۆی بەئەم یان ئەو تەماشاچی بگوازێتەوە، هژمونی فیکری خۆی جێگیر بکات . دەبێ ئەمە قبول کرد کە هونەری سینەما ( ئێستا بەهەر سەبک و فورمی خۆیدا لەماتریالیسم و رئالیسمی نوێ بگرە تاکو ئێکسرسیونیسم Expressionismو سینەمای ئاوانگاریی ) وەک پایەکانی تری سەرخانی وەکو ماف ، مەزهەب ، و ... دینایەتیە، بەواتایکیتر لە( ناوەرۆکیکی سیاسی ) تایبەت بەدیمەنێکی دیاریکراو بەهەرمەندە ناوەرۆکی ( سیاسی ) لەبەر ئەم هاتووە تاکو روانگەی تەواو و گشتی لە هونەری سینەما و رۆڵی فەرهەنگی و سازندەی ئەو یان رووخێنەر و لەناوبەری ئەو لەکۆمەڵگای دینایەتی ئاشکرا و روون بێتەوە. هونەری سینەما لەبەر ئەوەی کە هەموو ئیمکانات لە ناو خۆیەوە هەیە، دەتوانێ بەپێچەوانەی هونەرەکانی وەک شانۆ ( کەتا رادەیەک بەربەستە) چوارچێوەی سنوورەکان بشکێنێ و هونەری خۆی بەشێوەێکی بەربلاو پەرەپێ بدات . فیلم لە پێوانەێکی هونەری دا هەروا کە رەنگدانەوەی راستیەکانە و تەسویرێک لە چۆنیەتی راستیەکان پێشکەش دەکات ، هەروەها دەتوانێ رەنگدانەوەی ئەو راستیەی نیشان بدات . پێشکەش کردن و یان تەرحی ئەم یان ئەو پەیوەندیی راستەوخۆی هەیەبەشێوەی بیر کردەنەوەی سیاسی ئەم یان ئەو دەرهێنەری فیلم دا . ژان لوک گودار دەرهێنەری پێشکەوتوو و روناکبیری فەرانسەوی کەجۆرێک لەسینەمای (( برتولت برشت )) ی پێشکەشی تەماشاچی دەکات و هەڵبەتە فیلمەکانیشی بۆ تەمرینی سەرەتایی بۆ فیر

<* 24 تەسویر لەچرکەدا ، خێرایی هەمیشەیی فیلمەکانی بەدەنگە، بەلام دووربینەکانی جۆراوجۆر توانایی وینەهەلگرتنی یەک تەسویر تا ژمارەێکی

کردنی تویژی مونتژ و پێشرەوی کۆمەڵگا
دروست دەکات ، لەم بارەیە دەڵێ : یەک
فیلم یەک راستی و واقعیەت نیە، تەنیا
رەنگدانەوەی فیلمسازانی بورژوازی هەموو
تێگەیشتن و هەوڵ و تەقەلایان لە نەمایش
دانی فیلمێک ، رەنگدانی راستیەکانە.
لەحاڵێکدا ئێمە( مەبەستی ئەو گروپی
سینەمایی ورتفە) راستی ئەو
رەنگدانەبۆمان گرێنگە. شتێک کەگرێنگە
ئەمەیە کە فیلم وەک (( راستی
رەنگدان )) و یان ( رەنگدانی راستی ) لەگەل
شێوەیەک کەپێشکەشی دەکات نیشاندەری
شێوەێک لە تێروانینی سیاسی بەجیهانە.
لەلایکی ترەوە جۆرێک لە بیروبۆچوونی
سانتریستی بوونی هەیە کەبەردی ((هونەر
بۆ هونەر )) ی لەسینگ دەدات . ئەم جۆرە
سانتریسمە زاڵ بەسەر سینەما بەتایبەت
لەکۆمەڵگاکانی بورژوایی بووەتە مودی
رۆژ . جۆرێک لەسینەمای ( بێ
خەیاڵی )یە. ئایدولۆگەکانی ئەم جۆرە
(( هونەرە)) خەریکی رەت کردنی
سینەمای شۆرشگێرانە و هونەر بۆ
خەلکن و بە گاڵتە کردن و رەتکردنی
هەڵویستی چینایەتی هەموو هەوڵ و
تەقەلایان وەگەر دەخەن تاکو پەرە بە ئەم
بیروبۆچوونە پاسیو مونفەعلە لە کۆمەڵگا
بدەن کە(( هونەر و سیاسەت دوو ئامرازی
جیا لەیەکترن ) و هونەرێک کە ئەوان
ئیدیعای دەکەن تەنیا شکل و فورمە و
بەتەواوی لەگەڵ سیاسەت بیگانەیە. ئەم
دەستە هونەرمەندانە کە خۆیان لەکاروانی
سیاسەت دوو رادەگرن لە راستی دا
کرمەکانی روشنبیرانی کۆمەڵگایکن کە لە
بواری ئایدولۆژیکی رووخاو و پارێزگارن
کە لە درۆست کردنی کوشکی خەیاڵی و
نیشتمانی خەونەکانیان واتەهونەری
( دەستکر ) سوورن . لە حاڵێکدا سینەما
وەک دیاردەیکی چینایەتی ، سەرەرای
وتەکانی ئەو دەستە لە هونەرمەندانی خۆ
فرۆش و بێ حەرەکەت نیشاندەری یەک
( بیروبۆچوونی سیاسی ) و بۆ تەبلیغ و
پەرەپێدانی فەرهەنگی سیاسی و
سیستەمێکی ئایدولۆژیکیە. هەر بۆیە شایانی
سەرنجدانە کە بلین هەر فیلمێک تەنانەت ئەو
دەستە لە فیلمەکانی بەتەواوی موبتەزەل
نەتەنیا کاتی مرۆڤ بەفیرو دەدەن بەڵکو
تەعسیری سیاسیش بەجێ دێڵین .
بورژوازی بێ شەرمانە هاشا لەم راستیە
دەکات و بەتەزویر کردن خەریکی لێڵ
کردنی بیروبۆچوونی گشتیە،
خەڵکی
نەریت
پەرەست
لەیەک



کلامدا
فێری هونەری
موبتەزەل دەکات . بەکورتی دا
ئەمەی کەسینەمای غەیری سیاسی ئەگەر
چی تەعسیری سیاسی کەمتری لە ئەو
جۆرە فیلمانەی کە بەشێوەێک تەبلیغی
سیاسی (propaganda ) دەکەن ، هەیە
بەلام بەشێوەێکی ناراستەوخۆ یارمەتی زۆر
دەداتە هژمونی و جێگر بوونی فیکری چینی
چەوسێنەر و فیکری مرۆڤ بەرەو ئیبتزاڵ
دەبات و لە کۆتاییدا بە تەواوەتی لەناو بێ
کردەوەیی دا دەیخنکنێ . گودار کە
فیلمەکانی لە ناوەرۆکی سیاسی
بەهرەمەندەو بەشێوەێک تەبلیغی
مارکسیست – لینینیستی بەحساب دێت
( بەتایبەت کاتێک کەلەگەڵ کورین
بەشێوەیکی هاوبەش گروپی سینمایی
((ورتف )) یان پێک هێناو و فیلمەکانی
پێشکەوتوو وەک بای رۆژهەلات ، مائو ،
ولادیمیر ، رۆزا ، شەر لەئیتالیا و ... لە
کۆتایی ساڵەکانی 60 و سەرەتای ساڵەکانی
70ی زائینی دروست کرد ) زیاتر لەهەر
دەرهێنەر و روشنبیری هاوچەرخی رۆژئاوا
پیویستی فیلمی (سیاسی) ی وەبیر
هێنایەوەو بۆ کردنەوەی رێگایێک بەرەو
سینەمای بەڵیندەر ، چالاکانە هەنگاوی
هەلگرت . ئەم دەرهێنەرەداهێنەر و خاوەن
سەبکە هەر جۆرە سینەمای سیاسی
ریفورمیستی و بەبێ لێکدانەوە لە هەر
چواچێوەو فورمی خۆیدا چ پارێزگار و چ
ئەو پەری لبرال بوونی ، پارێزگارانەو
شیاوی رەت کردنەوەدەزانی و ئەوی
بەئامرازی بەلاری بردنی تەماشاچی وەسف
دەکری . بۆ ئەم هونەرمەندە فیلمسازە هیچ
هونەرێک جیا لەسیاسەت نیە. لەم
زەمینەیەدا ئەو دەڵێ: ئێمە وەک
تەماشاچیەک دەبێ تێ بگەین کە هونەر
ناتوانێ جیا لەسیاسەت بێت . هەر کارێکی
هونەری راگەیاندراوێک و تێگەیشتنێکی
سیاسی لە گەڵدایە. تەنانەت فیلمیکی وسترن
و یان فیلمێکی موزیکالی هالیوودی ...)
بەلام سینەمای سیاسی رۆژئاوا هەروا
لەخزمەتی پەرەپێدانی هەرچی زیاتری
فەرهەنگی مومیایی کراو و رزیوی
بورژوازی لەگەڵ یاساکانی توجاری و
ئیستعماری بەکار دێت و بۆ سەروەری
سیاسی بەسەر تەماشاچی فریودراو
بەرەنگ و بۆنی بەرواڵەت ئینسانی و
تایبەتمەندیەکانی ئەخلاقی گەرایانە بەلام لە
فورمەکانی بەتەواوی ئینتزاعی و
خواستەکانی نادیار و سومبلیسمی رەزیل ،
هەروا بەبێ شەرمی تەواو لە سەرجێ خۆی
ماوەتەوە. بەشێوەێک کەسینمای رۆژئاوا
وەک ئامرازێک لە ئاستی خەون و خەیال بۆ
کۆمەلانی خەڵک موشتاقی ئەو کار دەکات .
دەبێ بلین لەولاتانی سەرمایەداری رۆژ ئاوا
( بەتایبەت ئەمریکا ) لە مەورودەکانی
دەگمەن بەدەر کەهەمیشەبواری توجاری
ئەم و یان ئەو فیلمی بەسەر بواری
فێرکردنی ئەو زاڵ بووە، سینەما لەوێدا
تەنانەت مەفهومی ( هونەر) یشی لەدەس
داوەو بورژوازی ئەوی بەرەو مەرگ و
نەمان بردووەو بەشێوەیک کردویەتە
سینەما ( جینسی ) . سینەمایێک کە لەوێدا

نەخۆشی ( ماشینی دراو دروست کردن ) هەر ئامانجیێکی تری بێ ڕەنگ کردووتەوە. چاشنی فیکری ئەم بەناو ئوستادە خاوەن زەوق و ئەم ئابشخورە فیکرانەی گریفیس ( باوکی تەکنیکی سینەما )هەمان مەکتەبی بەلاڕێ چوون و بورژوازی( فرۆیدیسم ) . ئاکامەکەی ئەوەی کە( شەهوەتی لەش ) بەناوی ( سینەمای غەریزەکان ) و جۆرێک ( مەیلی و شەوقی توجاری ) بەردەوام دەکرێتەناو مێشکی تەماشاچی . بیروبۆچوونی میتافیزیکی لەسینەمای سیاسی بورژوازی تیکەڵ بەهاوبەستەری پڕ لەتین لەتایبەتمەندیەکانی هونەری موبتەزە لێکەکە بۆ وەڵامدانەوەی هەرچی زیاتری خواستەکانی دەروونی چینی بورژوا بەکار دێت . لەراستی دا سینەمای سیاسی بورژوازی ئەم بۆچوونە بەلاری بەرەوە تەقلید دەکات کەدەبێ ( هونەرمەندی خەلکی ) لەتەجرووبەکانی دەروونناسی بۆ وەڵامدانەوەی خواستی تەماشاچی پەرەبەهونەری خۆی بدات . واتەبە شێوەێک لە( فریوکاری) لەسینەما شارەزا بێت . ئەمانە بۆ گەیشتن بەم فریوکاریە بە شکل و فورم لە سینەما گرێنگی زۆر دەدەن .

بەلام چوارچێوەی ئەرزشەکانی هونەری لە سینەمای بورژوازی ( هونەری دەستکرد ) هیچ جۆرەپەیوەندێکی مەنتەقیی لەنێوان ( هونەر و خەلک ) نیە. لەبەر ئەوەی کەهونەر تەنیا وەک قەناعەت دەکاتەتەنها و تەنها بە وێنە هەلگرتن و کوپی کردن لەژیان و تەمایولی نیە بەوجود هێنانی فورمەکانی نوی و چوارچێوەکانی نوێ .هونەری کۆن دەکاتەئامرازی بەخێو کردنی هەستەکانی تەماشاچی لەروانگەێکی ترەوە، واتەبواری ناوەرۆک لەسینەمای سیاسی بورژوازی ( دەربرینی نارەزایی) ئاخریرین قۆناغی تیروانینی ( واقیع گەرا مەزنەکان ) وشەی نارەزایی دەربرین هەروا لەپوشش و تەمایولاتی ریفورمیستی ،ئەخلاق گەرایانەی کۆن ، مەزهەبی رزیو و ئایدەئالیستی ( هێندیک جار زۆر فناتیک )، هەرج و مەرج خوازی روشنبیرانە و موبتەزەل ماوەتەوە. هەر بۆیەسینەمای بورژوازی نەوەک ( راستی رەنگدان ) لەراستیەکانی بەر چاو

و ئاشکرا و هەست پێکراوی شوین و کاتی مرۆڤی هاوچەرخ بەلکو بووەتە رومانتسمێکی نەخۆش کەجەرسی مەرگی خۆی هەر چی زۆرتر لێدەدات . فریوکاری هەمیشەیی لە سینەمای رۆژئاوا خۆی بەخۆی ناوەرۆکی بەتەواوی بورژوایی و بەرچاو تەسکی هەیە کە تایبەتە بە کۆمەلگاکانی



**سینەما ، وەک هونەرێکی گەشە نەستێنەر و وەک چەکیکی فەرهەنگی و سەرخانی بۆ پتەو کردنی ژێر خانی نابووری و پێشکەوتنی کۆمەلگای مرۆڤایەتی دەبی کەلکی لێ وەربگیردرێ . گومانێک نیەکە شۆرش لەسەر پایەی تێگەیشتنی سیاسیش قایم بووەو سینەمای شۆرشگێرانە لە پێکهاتێکی هونەری دا پردێکە بۆ گەیشتن بەم ناستە بەرزە فیکریە.**

سەرمایەداری .

تایبەتمەندیەکانی سینەمای بورژوازی جۆرێک لەتیکەلاو کردنی هونەری نەخۆش گەرایانەلەگەڵ جۆرێکی ( سینەمای جیاوازە).بۆ نموونەئەو فیلمانەی کەبورژوازی لەبارەی ئەوان هەراوهوریا وەرێ دەخات تا بەناوی (سینەمای ئینسانی و دژی شەر ) ناو دەر بکەن خۆی لە هەلسەنگاندنێکی گشتی داخەریکی تەحریفی راستیەکانی بەرچاوە. ئەم رۆژانە رەخنەگرتن لەشەر لەگەڵ سستی پارێزگارانە، بەوجود هێنانی هەیەجانی نەخۆش واری رومانتیکی ، تووند کردنی ئەزترابەکانی تەشەنوجی ، پاترنالیستی بەتین و جۆرێک سستی سیاسی پاسیوگەریانە پێشکەش دەکرێ ، کە خۆدی شێوەی تێروانین بە جیهانی سینەمای بورژوازی لەشەر ، لەلایەن هەستیارانی ئامرازی دەستی چینی پاوانخواز بەشێوەێک لە شێوەکانی سازشی هونەری چینایەتی بەشێوەێکی کلیشەیی دووپات دەکرێتەوە. لەئەم جۆرەفیلمانەی هەمیشەیی و دووپات و یەک ئاهەنگدا هیچ کات قسەیک لە ناوەرۆکی شەر ( کەشەرێ سەرمایەداری و تالانگەرانەیە) و هۆی سەرەکی دەس پێکردنی ( ئیمپریالیستەکان ) نایەێتە ئاراوە

و ئاکام ئەوەیە کە بابەتی شەر لەلایەن تەبلیغ کەرانی بورژوازی لەئاستی هەمان پاترنالیسم بەتین و بەبێ ئەماژەکردن بە بەرپرسیارەتی ئێمە لە بەرانبەر شەردا ، بەربەست دەکرێ . لێرەدا بەپێچەوانەی ئەوەی کە ماکسیم گورکی لە کتیبی ( ئامانجی ئەدەبیات ) دەڵێ : سینەما مانایکی وشک و خالی پەیدا دەکات .مەفهومی راستەقینەی ژیان و ئامانجی بەرز لە روانگەی ئەم روشنبیرانە بە روالەت هونەرمەندی باش ناساندنی خۆیانە. هەمیشە لە ئەوەی کە راستیەکان بەیان بکەن دەترسن . ئەوان دژی شەر قسە دەکەن ، لە مەرگ و کوژرانی مرۆڤەکان ، لە ئاکامەکانی خراپ و دڵتەزینی هاویشتنی بومبەکان و ... بەڵام فیکریەتی سیاسی ئەوان لەم چوارچێوە پارێزگارانەیە بەربەست ماوەتەوە( دەربرینی نارەزایی بەڵێ ، بەڵام شۆرش هەرگیز نە)و هیچ جورە هەلویستیکی رادیکال بۆ رووخاندن و لە ناو بردنی سیستەمەکانی حاکیم وەر ناگرن . بەکورتی دا ئەمەی کەسینەمای بورژوازی بەرەتی راستیەکانی عەینی ( ئەبژکتیف )ی خەباتی چینایەتی و خەباتی میللی خەریکن و بیرو بۆچوونەکان ، هەستەکان و شعور وەک دیاریکەری وجوی و بوون دادەنین . بەڵام سینەما خاوەن سیمایکی گەشەئەستێنەر و ئینسانیش هەیە. سینەمایک کەلەوێدا قسە، کردەوەیە سینەمایک کە تیئوری و پراتیکی لەگەڵ یەک رێکخستووە. سینەمایک کەبە وتەی ژرژ بانجینس دەرهێنەری پێشکەوتوو

**هونەرمەندان و روشنبیرانیێك كە لە زەمینەی هونەر و بیر بۆ چوونەكان بە بێ تێگەیشتنی دژایەتی سەرەكی مرۆڤی مەوجود , مەفهومەكانی گشتی وەك مردن , ئەوین , نائومیدی , پیر بوون , و خوا بە دوور و جیا لە كات و شوێن مەترح دەكەن , وەك زیندانیانی نەزانیك كە هەمیشە لە دیوارەكانی قایمی سلول دەكوتن و گێژی , سەر سوورمان , ماندوو بوون و پاشە كشە لەم رەفتارە–كە بە ناچار ئیسراحەت و لە سەر خۆ بوونی رێژەیی بە دواوەیە– وەك دەرمانی دەردەكانی خۆیان دەزانن و بە كۆمەڵگایش پیشناری دەكەن .**

**سە عید سوڵتانپوور ( ئەركی هونەر )**

و تێگەیشتووی بولیوی : سینەما چیروک . ئەمە سینەمایکە کە مێژوو دروست دەکات ) ئەگەر بمانەوێ کورتەمێژووی سینەمای شۆرشگێرانە لێکدەینەوە دەبێ بگەرینەوە بۆ دەورانی سینەمای بی دەنگ . فیلم وەک ئامرازێکی شۆرشگێرانە بۆ یەکەم جار بەسەر کەوتنی پڕ لەشانازی حیزبی بلشویک لە شۆرشی ئوکتوبەر بەرێبەری ولادیمیر ئیلیچ لینین ، شۆرشگێری مەزنی مێژوو و رێبەر و ماموستای پرولتیاریای جیهان ، بناغەی دانرا . فیلمی ( جەژنی شۆرشی ئوکتوبەر )دروست کراوی ورتف دەرهێنەری مارکسیست و شۆرشگێر لەساڵی 1919 دا ، یەکەمین فیلمی شۆرشگێرانە و سیاسی مێژووی سینەمایە. ورتفیش وەک ئایزنشتاین و پودومکین لەو بروایەدا بوو کە سەر هەڵدانی هونەری سینەما کاری پەیوندە بە مۆنتاژ . هەروا کە گودار وەک دەرهێنەرێکی زیرەک و بەڵیندەر درێژەی دایەرێگای ورتف ، بروای بەم ئەسلەدایە کە ناوەرۆکێکی سیاسی بەفورمی هونەری ئەو هەلدەسنیگنەرێ ( واتە ئێوە ناتوانن ناوەرۆکێمی سیاسی بەیان بکەن مەگەر ئەوەی کە فورم و شکلی شۆرشگێرانە بەکار بهینن ).

لە راستی دا هونەری سینەمای شۆرشگێرانەگرێ دراوەتە جوانی فورم و شێوەی پێشکەش کردنی تەرح ( لێکدانەوەیی) و بەپەیوەندی بەرانبەری ئەم دووە، دەبی وەبیربینینەوە کە سینەمای شۆرشگێرانە بۆ رووخاندنی کۆشکەکانی خەیالی ، هونەری موبتەزەل و وەرشکستەیە کە هۆکارەکانی خەیالی و دەستکرد ( هونەری ئوستودیو )وەک پەیوەندی ئورگانیک لە نیوان تەماشاچی و هونەر بەکار دینێ .بەڵام دامەزراندنی پەیوەندی دروست لە نیوان هونەر و تەماشاچی بەمەرجیکە کە هۆکارەکانی مادی بەسەر هۆکارەکانی خەیالی زاڵ بن و یان بەوتەی ئایزنشتاین لە( هونەری بەرهەمی ) بەجێگای ( هونەری ئوستودیو ) ئیستفادە بکرێ. سینەمای شۆرشگێرانەدەبێ وەک بەشێک لە میکانیزمی فەرهەنگی لەجەهەتی خواستی شۆرشگێرانەی خەلک عەمەل بکات و لەگەڵ بکار هێنانی سەرچاوەکانی نوێ و شکل و فورمەکانی نوی لەفرێ دانی بیروبۆچوونەکانی رزیو وکۆن و ئایدەئالیستی و خراپی هونەرەکانی ئەفسونگەر سوور بێت و بڵقەکانی پووچەل ، سست و خەیالەکانی میتافیزیکی کە بەرهەمی سینەمای کۆن و غەیری مادی زەینیەتی هونەرمەندانی ئاسودی بە فەرهەنگی مومیایی کراو و دواکەوتوو تێک بشکێنێ . لە بەر ئەوەی کەسینەمای دەستکرد و خەیالی زیاتر تەمایولی بەخۆنواندنی روشنبیرانەیی و تەجریدی و ژستەکانی بەرواڵەت و قسەی زڵ و بەدوور لە راستیدایە و نە گەران لە جەهەتی ناسین و دوزینەوەی مرۆڤ لەکەش و هەوای هەست کراو و ژیانی مادی ئەودا .بەلام هەروا کە گودار دەڵێ : فیلمی شۆرشگێرانە، دیاردەو سەرچاوەی ئەو لەشەر و پەیکاری چینایەتی یان بزووتنەوەکانی رزگاریدەر دێت . ئەو تەعکید دەکات کە فیلمەسیاسیەکانی بورژوازی تەنیا بەوتنی رووداوەکان خەریکن ، ئەوان تەنیا بە هەلومەرجی سیاسی و کارکترەکانی سیاسەت باۆ بەسەندەدەکەن و بەعەمدی یان بە هەڵەگرێنگی نادەنە هەلو مەرجی ژێرخان ، و تەسویرێکی روون و ئاشکرا لەژیر خانی ئابووری و سەرخانی فەرهەنگی پێشکەش ناکەن . ئایزنشتاینیش بە قەتعیەت لە هونەر و سینەمای خەیالی کە هەیەجانی دوور لەواقیع دروست دەکات رِەخنە دەگرێ و ئەوی بەسەرچاوەی جوانی ناسی و نەریت پەرەستانە وەسف دەکات . داودیف لەم بارەیەدەڵێ : ئایزنشتاین ئەیەوەێ تەماشاچی نەوەک ئامرازی مەهار کراو و ئەفسون کراو لەهێز و توانای دەرهینەری فیلم گرفتار بێت بەڵکو وەک مرۆڤێکی بەرپرس و بەلیندەر لە گفتگوە سیاسەو فەزای بەوجود هاتوو هاوبەش و دەمخور بێت . شەوق و مەیلی ئەو لەگەڵ ئەو کەسەی کە لە فیلمەکەرەنج دەکیشێ و ئازار دەبینێ تیکەڵ بێت و هەستی شۆرشگێرانەی خۆی لەگەل ئەودا دابەش بکات و پاش تەواو بوونی فیلم ئەو مرۆڤە چارەرەشە لەبیر نەکاتەوە. ئامانجی سینەمای شۆرشگێرانە لە سەر ئەم ئەسلە ئایدولوژیکیە دامەزراوە کە ئەگەر چی سینەمای شۆرشگێرانەو سیاسی ( شۆرش ) وەری ناخات ، بەلام ئامرازێکی بە نرخەکە لە تیگەیشتنێک بۆ گەیشتن بەئازادی و پچرانی زنجیرەکانی وەهم و خەیال و چەوساندنەوە قسە و باس دەکات . لە وڵاتانی ژێر ستەم بۆ نموونە لە سینەمای وڵاتانی ئەمریکای لاتین قسە لە دووربین ، قسە لە چەکی تەسویریە و فیلم وەک چەکێکی ئایدولوژیک کار دەکات و بەزیرەکی و پشت ئەستوور بوون بەهێزی مەزنی کۆمەڵانی خەلکە سنوورەکانی ئیستعمار نوێ تێک دەشکێنی و دەگاتە مەفهومیکی گوراو و شۆرشگێرانە. لە کۆتایدا ئمەی کەسینەما ، وەک هونەرێکی گەشە ئەستێنەر و وەک چەکیکی فەرهەنگی و سەرخانی بۆ پتەو کردنی ژێر خانی ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبی کەلکی لێ وەربگیردرێ . گومانێک نیەکە شۆرش لەسەر پایەی تێگەیشتنی سیاسیش قایم بووەو سینەمای شۆرشگیرانە لە پێکهاتێکی هونەری دا پردێکە بۆ گەیشتن بەم ئاستە بەرزە فیکریە.

# قانون زحمتکشان



آیا بیاد داری
که یادمان دادند
به ذ هنمان نشاندند
و عاقبت باورمان شد
که خدا
یار رفیقان و مظلومان
یار انسانهای
آزاده است
و نیکان ؟
که خدا
دشمن زورگویان است
و اغنیا ؟
آیا بیاد داری
که آموختندمان
تلقین مان کردند
و عاقبت باورمان شد
که پیامبران و امامان
از تباری دیگرند
و مجریان قانون خدا
پس جای در بهشت دارند
و ما را اطاعت از آنان واجب
و یارای مقابله مان با آنان
نیست ؟
آیا بیاد داری
که فرا دادندمان
به اندیشه مان نشاندندند
و عاقبت باورمان شد
که بی گناه
به پای دار می رود
نه بالای دار ؟
اما ،
تاریخ بیرحمانه ،
به تلخی ،
ولی آگاهانه
یادمان داد
نشان مان داد
که خدا
یار اغنیاست و زورگویان
که پیامبران و امامان
از تبار دیگر نیستند
و بی گناه را مجریان خدا
با قانون خدا
با قانون پیامبران و امامان
تنها به پای دار نبردند
به بالای دار بردند .
" و ما را حتی
امان گریه ندادند "
اکنون
یاد گرفته ایم
آموخته ایم
که خدای خود
خویشیم
و تنها فقیران و
محرومان از تبار
دیگر
و قانونمان
قانون زحمتکشان
است
قانون
سوسیالیسم .

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ،**
**دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**